NDI

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# چاودێریی جێبەجێکردنی سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان



ئینستیتیوتی پەی
بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

٢٠٢٣

# چاودێریی جێبەجێکردنی سیاسەت و رێوشوێنەکانی

# باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان

ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان
(PAY)

٢٠٢٣

## ستافی کاری پرۆژە

بەڕێوەبەری پرۆژە:
د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر

توێژەری پرۆژە:
محەممەد کەریم محەممەد

راوێژکاری پرۆژە:
فەیسەڵ عەلی خورشید

راهێنەر:
د.بەختیار عەبدوللا کەریم

شیکەرەوەی داتا:
حسین محمد عەزیز

ژمێریاری پرۆژە:
روانگە فایەق عەلی

خۆبەخشان:
ڤیان محەمەد قەرەنی، شۆخان مەحمود عەبدولمەجید، تروسکە سەروەر عەبدوڵلا، ئاریز دارا جەلال، میران حسین حەسەن، بیلال فارس، دێرین جەمیل، دیار حەسەن

دیزاینەر:
محەمەد کەریم ئەحمەد
باڤین سەروەر

*- ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY):
-لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١٤٠٦) تۆمارکراوە.
-لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا بە ژمارە (٥١٨٦) تۆمارکراوە.
*- پرۆژەی چاودێریی جێبەجێکردنی سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان بە هاوکاری پەیمانگەی نیشتیمانی دیموکراسی (NDI)ی ئەمریکی بەڕێوە دەچێت.


**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**ناونیشان: سلێمانی شەقامی سالم- تەلاری شامیر**

**تەلەفۆن:** 0096453320502 - 07701564576

**ئیمەیل:** sarwary74@yahoo.com payinstitute@gmail.com

**فەیسبوک:** facebook.com/pay-institute

**پێگەی ئەلکترۆنی:** www.payinstitute.org

# پێڕستی توێژینەوەکە


کورتەیەکی جێبەجێکاری ڕاپۆرتەکەکە ........ ٧
پێشەکی ........ ١٢
میتۆدی توێژینەوەکە ........ ١٧
ئالنگارییەکان ........ ٢٥
هاوبەشەکانی ڕاپۆرتەکە ........ ٢٦
بەشی یەکەم: چاودێری سیاسەتی سەرخانی باجی خانوبەرە و باجدەرەکانی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان ........ ٢٨
خەسڵەتەکانی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان ........ ٢٩
خەسڵەتەکانی باجدەری خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان ........ ٣١
بەشی دووەم: چاودێری سیاسەتی داهاتی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان ........ ٣٢
یەکەم: چاودێری سیاسەتی کاراکردنی هۆشمەندی باجدان ........ ٣٣
دووەم: سیاسەتی کاراکردنی خەمڵاندنی بڕی باجی خانوبەرە ........ ٣٦
سێهەم: چاودێری سیاسەتی کاراکردنی یەك بۆچون و یەك ڕوانگەی یاسایی فەرمانبەرەکانی باجی خانوبەرە ........ ٤٤
چوارەم: چاودێری سیاسەتی مامەڵەکردنی سجلەکانی ٥أ/ داهات و (ڕەدیات) ........ ٤٨
پێنجەم: چاودێریکردنی سیاسەتی ڕۆتین ........ ٥٠
دەرئەنجامەکان ........ ٥٥
ڕاسپاردەکان ........ ٦٠
پاشکۆی ژمارە (١) ........ ٦٩
پاشکۆی ژمارە (٢) ........ ٧١
پاشکۆی ژمارە (٣) ........ ٧٣
پاشکۆی ژمارە (٤) ........ ١١٠
لیستی ناوی بەشداربوان ........ ١٣٥
سوپاس و پێزانین ........ ١٣٧
لە بڵاوکراوەکامی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ........ ١٣٨

# ناونیشان و زنجیرەی خشتەکان

خشتەی (١) دابەشبوونی باجدەری خانوبەرە بە پێی ڕەگەز.................................................. ٧٣
خشتەی (٢) تەمەنی باجدەرانی خانوبەرە بە ساڵ..................................................... ٧٤
خشتەی (٣) بڕوانامەی باجدەرانی خانوبەرە..................................................... ٧٥
خشتەی (٤) ئایا بە ئامادەیی خۆت باج لەسەر مڵکەکەت دادەنرێت؟.................................................. ٧٦
خشتەی (٥) ئایا ساڵانە لە بڕی باجی ملکەکەت بە فەرمی ئاگادار دەکرێیتەوە؟.............................................. ٧٧
خشتەی (٦) ڕێکخستنی کارەکانی باجی خانوبەرە بە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە......................................... ٧٨
خشتەی (٧) چۆن بڕی باجی سەر مڵکەکەت هەڵدەسەنگێنیت؟................................................ ٧٩
خشتەی (٨) تا چەند هۆشمەندیت هەیە لەسەر یاسا و ڕێنمایی باجی خانوبەرە؟.......................................... ٨٠
خشتەی (٩) هەست دەکەیت بڕی باجی سەر مڵکەکت دادپەروەرانەیە؟.............................................. ٨١
خشتەی (١٠) ئەگەر وەڵامی پرسیاری ٧ بە نێگەتیڤ بوو، بە ڕای تۆ کام هۆکار زیاتر کاریگەرتر بووە؟............. ٨٢
خشتەی (١١) ئایا هیچ ئومێدت هەیە بە پێشکەشکردنی ناڕەزایەتی لە بڕی باجی سەر مڵکەکەت؟................ ٨٣
خشتەی (١٢) ئەگەر وەڵامی پرسیاری ٩ نەرێنیبوو، بە ڕای تۆ کام لەم هۆکارانە زیاتر کاریگەرتر بوون؟.............. ٨٤
خشتەی (١٣) تا چ ئاستێك لە مامەڵەکانتدا لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە ڕووبەڕووی ڕۆتین دەبیتەوە.......... ٨٥
خشتەی (١٤) پەیوەستکردنی هۆشمەندی باج و ئاستی خوێندەواری باجدەری خانوبەرە.......................... ٨٦
خشتەی (١٥) پەیوەستکردنی ئاستی خوێندەواری باجدەری خانوبەرە بە خشتەی......................................... ٨٦
خشتەی (١٦) پەیوەستکردنی خشتەی ناڕازیبونی باجدەری خانوبەرە لە باج بە ئاستی پارێزگاکانەوە................... ٨٧
خشتەی (١٧) ڕۆتین لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم............................ ٨٧
خشتەی (١٨) دابەشبوونی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە ڕووی ڕەگەزەوە ........................................ ٨٨
خشتەی (١٩) ساڵانی ڕاژەی فەرمانبەران............................................................ ٨٩
خشتەی (٢٠) دابەشبوونی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە ڕووی بڕوانامەوە........................................... ٩٠
خشتەی (٢١) ئایا قەرزارەکان، بەتایبەتی گەورەکان، ساڵانە لە بڕی باجی مڵکەکانیان ئاگادار دەکرێنەوە؟............ ٩١
خشتەی (٢٢) ئەگەر قەرزارەکان بەدەم ئاگادارکردنەوەی پاکتاوی باجەکانیان نەچون، سزای یاسایی دەدرێن؟...... ٩٢
خشتەی (٢٣) ئایا هیچ تۆمارێك هەیە بەناوی تۆماری ڕەدیات بۆ گێرانەوەی مافی باجدەر؟............................ ٩٣
خشتەی (٢٤) ئایا لە ڕووپێوی ٥ ساڵە باجی خانوبەرە، فۆرمی ١٨/داهات دەدرێت بە خاوەن موڵك؟................... ٩٤

خشتەی (٢٥) ئایا پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانوبەرە پاش وەرگرتنی مۆڵەت، باجی خانوبەرە دەیانگرێتەوە؟........ ٩٥
خشتەی (٢٦) ئایا بەستنەوەی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بەیەکەوە بە پێویست دەزانیت؟............................ ٩٦
خشتەی (٢٧) ئایا هەموو کوردستان بەهەمان یاساو ڕێنمایی باجی خانوبەرە کار دەکەن؟................................. ٩٧
خشتەی (٢٨) ئایا فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێمدا هەمان پەیکەربەندی کارگێڕیان هەیە؟................... ٩٨
خشتەی (٢٩) تۆماری ٥أ-/داهات ئەگەر دەستکاریەکی ناياسایی تیاکرا، زیاتر بەهۆ کام لەو هۆیانە دەبن؟......... ٩٩
خشتەی (٣٠) پەیوەستی خشتەی ١٨/داهات کە ٥ ساڵ جارێك ڕووپێو دەکرێت بۆ مەزەندەکردنی باج............... ١٠٠
خشتەی (٣١) پەیوەستی خشتەی مامەڵەکردن بە تۆماری ٥أ/داهات..................................................... ١٠١
خشتەی (٣٢) ڕۆتین لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە ڕوانگەی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرەوە.................... ١٠١
خشتەی (٣٣) ساڵانی ڕاژەی فەرمانبەران لەسەر ئاستی پارێزگا..................................................... ١٠٢
خشتەی (٣٤) دابەشبوونی فەرمانبەران لە ڕووی ساڵانی تەمەنەوە..................................................... ١٠٣
خشتەی (٣٥) پۆلێنی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە، کە ڕۆژانە کارەکانی باجدەر ڕای دەکەن؟........................... ١٠٤
خشتەی (٣٦) پەیوەستکردنی خشتەی تۆماری ڕەدیات بە ئاستی خوێندەواری فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە........ ١٠٥
خشتەی (٣٧) گرنگی بەستنەوەی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بە ئەلیکترۆنی بە فەرمانگەکانی ترەوە؟............. ١٠٦
خشتەی (٣٨) پێویستی بەستنەوەی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بە یەکتری لە ڕوانگەی فەرمانبەرانەوە........... ١٠٧
خشتەی (٣٩) ئایا فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بەستراونەتەوە بە بەیەکەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە؟................ ١٠٨
خشتەی (٤٠) ئاستی ڕۆتین لە ڕوانگەی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە............................................... ١٠٩




قەرەباڵغی و ڕۆتینیات لە فەرمانگەکانی باجی خانووبەرەدا

## کورتەیەکی جێبەجێکاری ڕاپۆرتەکە

ئەم راپـۆرتە، جێبەجێکردنـی یاسـای بـاجی خـانوبەرە و ڕێنماییەکـانی لە هەرێمـی کوردستان بە ئامانج دەگرێت، بۆ نموونە ئایا سیاسـەتی دیاریکردنی کارمەندەکانی باجی خـانوبەرە لەو فەرمانگـانەدا چـۆنە؟ ئایـا سیاسـەتی فەرمانگەکـانی بـاجی خـانوبەرە لە ڕوانگەی گەشەپێدانی هوشیاریی باجدان، چ بۆ کارمەندەکانی خۆیان یان توێژی باجدەری خانوبەرە چۆنە؟ ئایا سیاسەتی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە دەربارەی خەمڵاندنی بڕی باج لەسەر موڵکەکانی باجدەر چۆنە؟ و هتد.

لەمەڕ لایەنەکانی داهات و خەرجیی باجی خانوبەرە لەم ڕاپۆرتەدا، هەرچەندە، چەندین نووسراوی فەرمی کراوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕاپۆرتەکە نەیتـوانی ئەو داتایـانە وەدەسـتبخات، بە ناچـاری ڕاپـۆرتەکە پەنـا بـۆ ڕووپێـوکردن لەو فەرمانگانەدا دەبـات، بۆ زانینی هەندێ لایەنی چاودێری سیاسـەتی بـاجی خانوبەرە لەو فەرمانگانەدا.

دەربـارەی پەسـەندکردن و دامەزرانـدنی کارمەنـد لەو فەرمانگـانەدا، لە ڕووپێـوەکەدا دەرکەوت، ئەو فەرمانگـــانە توانـــای مرۆیـــی زۆر باشـــیان هەیە، لە ڕووی ئاســـتی خوێندەواری، نزیکەی نیوەیان ئاستی بڕوانامەی خوێندنی باڵان، ساڵانی ڕاژەیان بەرزە و لە پێنج ساڵ کەمتر نیە، تەمەنیان گەنجە و باڵانسی ڕەگەزی کارمەندان بۆ ئاستێکی بـاش ڕەچـاوکراوە. بەڵام سـەبارەت بە ئاسـتی هۆشـمەندی باجدان چ لای کارمەنـدان و چ لای باجـدەرانی خـانوبەرە، ڕاپـۆرتەکە لەو بـڕوایەدایە کە فەرمانگەکـان کاریـان بـۆ

بەرزکـــردنەوەی ئەم هۆشـــمەندیە بـــۆ هەردوولای پرســـەکە نەکـــردووە، لەبەرئەوە ئەو فەرمانگانە نەیانتوانیوە سودی زۆر لەو توانا گونجاوانەی بەردەستیان ببینن.

بەهەمان شێوە، لە ڕووی بەدواداچوون بۆ داهاتەکانی باجی خانوبەرە، ئەو فەرمانگانە لەلایەن باجدەری خانوبەرەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بوونەتەوە، چونکە هەست بە مەغـــدووری و نەبـــوونی شـــەفافیەت دەکەن، تەنـــانەت لە هەنـــدێ لە جومگەکـــانی مەزەندەکردنی ڕێژەی باجدا، فەرمانبەرانیش هاودەنگبوون لەگەڵ هەڵوێستی باجدەراندا، چ وەک ئاگادارنەکردنەوەی ساڵانەیان لە بڕی باجی سەر موڵکەکانیان یان مەزەندەکردنی بڕی باجەکـان یـان پێشکەشکردنی نـاڕازیبوون (الاعتـراض) لە بـڕی بـاجی سـەپێدراو و چەندین کێشەی تری پابەند بە سیاسەتی باجی خانوبەرەوە.

لە هەمانکاتـــدا، گەورەتـــرین ئاڵنگـــاری (تحـــدی)، کە بەرەو ڕووی کارمەنـــدانی ئەو فەرمانگانە دەبێتەوە، بریتیە لە نەبوونی یەک ڕا و یەک بیروبۆچوون، سەبارەت بە ئاستی تێگەشـتنیان لە یاسـای بـاجی خـانوبەرە و ڕێنماییەکـانی و پەیوەنـدییان، بە جۆرێـک لە جۆرەکان، بە یاساکانی ترەوە، بۆ نموونە: یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ ی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، یان یاسای باجی داهات و... هتد، بەجۆرێک ئەم دووفاقیە لە ڕاو بۆچـوونی باجـدان لە نێـو فەرمانبەرانـدا بە نەرێنـی بەسـەر باجدەرەکانـدا دەشـکێتەوە لە ئەنجامـدانی مامەڵەکـانی باجـدانیان و دەیانخـاتە نێـو تـوولەڕێی تـاریکی ڕۆتـین و بەهەدەردانێکی زۆری کات و ماندوبوون و تێچوون لەو فەرمانگانەدا.

لەلایەکـی تـرەوە، پشتگوێخســـتنێکی گەورەی ڕای کارمەنـــدان لەو فەرمانگـــانە بەدی دەکرێت، هەروەها پەراوێزخستنی ڕای توێژی باجدەران، بەجۆرێک باجدەران بێهیوابوون

لە پێشکەشکردنی نارەزاییەکانیان (الاعتراض) لە بڕی باجی مەزەندەکراو لەسەر موڵکەکانیان، تەنانەت هەندێکیان لەو بڕوایەدان، کە ئەو بڕی باجەی لەسەر موڵکەکانیان دەسەپێندرێت، هەڕەمەکییە و دیراسە نەکراوە و ئامانجە سەرەکییەکەی تەنها لە کۆکردنەوەی داهاتدا کورتکراوەتەوە، بە هەرچ شێوەیەک بێت جا یاسایی بێت یان بە شێوەی هەڕەمەکی یان بە ئامانجی پێشکەشکردنی ناڕازیبوونە بۆ ئەوەی ڕێژەی ٥٠% باجی ساڵەکە وەربگرن ئینجا مامەڵەکانیان بۆ ڕاییبکرێت .

لەلایەکی ترەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمارەکان و دۆکیومێنت و فۆرمەکانی تایبەت بە ئاگادارکردنەوەی ساڵانە لە باجی خانوبەرە یان تۆماری تایبەت بە (ڕەدیات reimbursement ی مافی باجدەر، هەموو ئەمانە مامەڵەیەکی تۆکمەی لەگەڵ ناکرێت و جێگای نیگەرانیە، کە لە کۆتاییدا بە زیانی باجدەر کۆتایی دێت چ وەک سزای دواکەوتن یان گەڕانەوەی مافەکانی، یاخود دەستکاریکردن و کوژانەوە و کڕان و گۆڕینی داهاتەکانی، کە لە تۆمارەکاندا بە تایبەتی تۆماری (٥-أ/داهات) لە بەرژەوەندیی حکومەت تۆمارکراون.

دەربارەی سیاسەتی ئەو فەرمانگانە لە ڕۆتینی ناو فەرمانگەکان، ڕاپۆرتەکە خاڵی نەرێنی تۆمار کردووە، چ وەک زۆری ئەڵگۆکانی ڕۆتین، چ وەک سوودوەرنەگرتن لە تۆڕەکانی ئەلیکترۆنی بۆ بەستنەوەی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بە یەکتری و بە ناوەندی هەرێم، یان بە فەرمانگە پەیوەندیدارکانی تری حکومەتەوە لەناو پارێزگاکانی هەرێمدا.

دەرئەنجام، کەڵەکەبوونی ئەو کێشانە و بەردەوامبوونی بۆ ماوەی دوور و درێژ، وای لە باجدەر کردووە، کە بە چاوی شک و گومان و سەرچاوەی هەست بە غەدرکردن سەیری باجی خانوبەرە بکرێت، دواتریش بەهۆی ڕێوشوێنە داراییەکانەوە متمانەی نێوان حکومەت و هاوڵاتیان بەرەو نەمان دەچێت، بە جۆرێک هەستی نیشتیمان پەروەری بەرامبەر باج و باجدان لەکەدار دەکات، بۆ ئاستێک کە کار بۆ گرتنەبەری هەر ڕێگەیەک بکات بۆ ئەوەی خۆی لە باجدان بدزێتەوە.

دواجار ڕاپۆرتەکە تێبینی ئەوە دەکات، کە ئەو قەرەباڵغیەی لەو فەرمانگانە دروست دەبێت هۆکارەکەی باجدەر نیە، بەڵکو بەشێکیان بە کاری فەرمانگەکانی ترەوە هاتوون، وەک فەرمانگەی کارەبا، ئاو، خۆڵ، پشتگیری بۆ فەرمانگەی تۆماری خانوبەرە و...هتد.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ڕاپۆرتەکە چەند ئەنجامێکی گرنگ تۆمار دەکات، وەک:

١. سەرخانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە وەک پێویست بەگەڕنەخراون.

٢. ئیدارەی سیاسەتی هۆشمەندی باجی خانوبەرە، لە ئاستی پێویستدا نیە.

٣. ڕاپۆرتەکە ئاستی بەرزی گرفتی ڕۆتینی کارگێڕی فەرمانگەکانی دەستنیشان کردوە.

٤. هەستکردنی باجدەرانی خانوبەرە بە نادادپەروەری.

٥. سیاسەتی باجی خانوبەرەی هەرێمی کوردستان، وادەردەکەوێت، هەموو تواناکانی لەسەر کۆکردنەوەی داهات لە باجدەر چڕکردۆتەوە.

٦. لەڕاپۆرتەکەدا بە ڕوونی دەست خراوەتە سەر گوێنەدان بە ڕاو گلەییەکانی باجدەرانی خانوبەرە.

٧. کۆنی یاسای باجی خانوبەرە و هەموارکردنی بۆ نزیکەی (٢٧) جار و نەگونجاوی بۆ ئێستای کوردستان.

٨. نەبوونی شەفافیەت لە کۆی داهات و خەرجیی باجی خانوبەردا.

٩. کۆنەکردنەوەی کۆی سیستمی باج بە تایبەتی باجی خانوبەرە لە یەک دەزگای سەربەخۆدا.

١٠. ونبوونی کرۆکی هاولاتیبوونی باجدەر لە کۆی پرۆسێسی سیستمی باجی خانوبەرەدا.

بەمەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵێک راسپاردەمان خستۆتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. لە بەرژەوەندیی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرەیە، کە گرنگی بە ڕاهێنانی پیشەیی فەرمانبەرەکان بدات.

٢. . گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشمەندیی فەرمانبەران و باجدەرانی خانوبەرە بدرێت.

٣. رۆتین لە فەرمانگەکانی خانوبەرە کەم بکرێتەوە.

٤. بە هەند وەرگرتنی رەخنە و ناڕەزایەتییەکانی باجدەران (الاعتراض).

٥. هەموارکردنەوەی یاسای باجی خانوبەرە.

## پێشەکی

باج بە شێوەیەکی گشتی و باجی خانوبەرە بەتایبەتی، لە دوای نەوت دوو سەرچاوەی گرنگی داراییکردنی بودجەی گشتیی حکومەتن، کە بتوانێ کارەکانی خۆی پێڕایی بکات. گرنگیی باجی خانوبەرە لەوەدایە، کە هەموو خانوبەرەیەکی وڵات دەگرێتەوە چ بازرگانی یان نیشتەجێ بێت، بۆ ئەوەی لە تۆمارەکانی باجی خانوبەرەدا ناونووس بکرێت، لەبەرئەوە بە گشتی پەیوەندیی بە هەموو کەسێک و خانەوادەیەکەوە هەیە، کە سەردانی ئەو فەرمانگانە بکەن تا لە درووستی هەڵوێستیان لە باجی خانوبەرە دڵنیابن. ئەمەش بێگومان، بۆ باجدەر کات و تێچوون و ماندوبونی پێویستە، لە بەرامبەریشدا لەو فەرمانگانە دەخوازرێت، وەک پێویست کارئاسانی بکەن بۆ ئەوەی کێشە و ڕۆتین کەمبکەنەوە و ئاستی هوشیاری باجدەر و فەرمانبەرەکانیش بەرز بکەنەوە، تا قورسایی سەردان و بەدواداچون و ئیشوکارەکانی تر لەو فەرمانگانەدا کەمبێتەوە.

باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ١٠% داهاتی ساڵانەی خانوبەرە مەزەندە دەکرێت (جگە لە دەستکەوتی فرۆشتنی خانوبەرە و زەوی کشتوکاڵی)، کە باجی خانوبەرە نایانگرێتەوە. لەم بڕەش ڕێژەی ١٠% دادەبەزێندرێت لە داهاتی ساڵانەی خانوبەرەکە لەبری تێچوونی چاکسازی بیناکان و سوانیان پێش مەزەندەکردنی بڕی باجەکە، بە پێی یاسای خانوبەرە ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ١٩٥٩ ی عێراقی  و ڕێنماییە تایبەتییەکانی یاساکە، کە لە کوردستانیش بەرقەرارە.

لە ڕاستییدا بودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان، لە بناغەدا و بە پلەی یەکەم پشتی بە داهاتی کرێخۆری نەوت دەبەست، لەگەڵ ئەو بەرکەوتی بودجەیەی لە عێراقیشەوە بۆی

دەهات و هاوکاری دەوڵەتانی کۆمەکبەخش. وایکردبوو داهاتی باجەکان بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت لە پێکهێنانی کۆی بودجە و داهاتی حکومەتدا. هەر لەسەر ئەم بناغەیەشە، گرنگیدان بە داهاتی باجەکان بە گشتی و بە تایبەتیش باجی خانوبەرە، شتێکی تازە بوو، کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ دەستپێکرد، بە تایبەتی دوای دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و بەردەوامی تێچوونەکانی شەڕی داعش و بڕینی بەرکەوتی هەرێم لە بودجەی گشتیی فیدرالی و زۆری ژمارەی پەناهەندەکانی سوریا و ئێران و تورکیا و عێراق لە کوردستاندا، کە ژمارەیان دوو ملیۆن کەسی تێپەڕاند.

باجی خانوبەرە، ئەو باجەیە کە بەسەر زەوی و خانوبەرەی دروستکراو لە هەرێمی کوردستاندا دەسەپێندرێت، جگە لە زەوی بواری کشتوکاڵی و داهاتی زەوی و خانوبەرەی فرۆشراو. لە ساڵی ٢٠١٨ وە حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگیی زۆری بەم باجە داوە، بەپێی یاسای ژمارە ١٦٢ ی ساڵی ١٩٥٩ی عێراق، دوای ئەوەی هەندێک ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەرچوێندرا، تا زیاتر لەگەڵ بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستاندا بگونجێت. ئەم باجە وەک باجێکی ڕاستەوخۆ (مباشرة)، هەم کەرەسەییە (عينية) و هەمیش ڕێژەییە (نسبية) و هەمیش ناوچەییە (اقليمية).

ئەم باجە، باجێکی ڕاستەوخۆیە، بەوەی ڕاستەوخۆ لەسەر پوختەی داهاتی ساڵانەی زەوی و خانوبەرە دەسەپێندرێت، کە دەگوترێت کەرەسەتەییە، بەوەی چاوپۆشی لە بارودۆخی کەسێتیی باجدەر ناکات، کە دەگوترێت ڕێژەییە، بەوەی بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە سەر پوختەی داهاتی ساڵانەی خانوبەرە وەردەگیرێت، کە دەگوترێت ناوچەییە، چونکە هەموو خاوەن موڵکێک دەگرێتەوە کە دەکەوێتە ناو سنووری

جوگرافیای سیاسیی عێراقەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزی خاوەن موڵک، جا عێراقی یان بیانی بێت. باجێکە بەسەر هەردوو لایەنی کەسی و سروشتیدا (طبیعیة) دەسەپێندرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم باجە هەندێ لایەنی کەسێتی ڕەچاو دەکات، بە تایبەتی لە موڵکە نیشتەنیەکاندا، وەک ئەگەر خاوەن موڵک خۆی بەکاریبهێنێت، یان دایک و باوکی، یان هەرکامێکیان، یان یەکێک لە کوڕە خێزانداره‌کەی.

باجی خانوبەرە، نە بڕی ساڵانەکەی، نە ئاستی بەشداریکردنی لە پێکهێنانی داهاتی بودجەی گشتیی کوردستان، نە بڕی تێچوونی کۆکردنەوەی لە هەرێمدا نازاندرێت، چونکە لە ساڵی ٢٠١٣ وە و بە ئێستاشەوە، بودجەی گشتیی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە ڕێکنەخراوە و ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە، داهاتی باج ناڕونە، لەگەڵ ئەوەی هەموو حیزبە ئۆپۆزۆسیۆنەکان و خەڵک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی زۆر داوای ڕونگەرایی (شەفافیەت) لە بووجەدا دەکەن و پێداگری لەسەر دەکەن، بەڵام هێشتا کۆکردنەوەی داهاتەکانی پێکهێنەری بودجە و خەرجکردنی ئەو داهاتانە لە کەشوهەوایەکی تەمومژاوی و ناڕوون ئەنجام دەدرێن.

ئەم ڕاپۆرتە هەوڵدەدات وەڵامی هەندیک لایەنی گرنگی باجی خانوبەرە و چۆنیەتی سیاسەتی جێبەجێکردنی لە ئابوریی هەرێمی کوردستان بداتەوە. لەبەرئەوە وا پێویست دەکات چاودێریی سیاسەتی باجی خانوبەرە بکرێت و هەڵوێستەکانی لە یاسا و ڕێنماییە تایبەتەکاندا بخرێتەڕوو.

باجی خانوبەرە بە پێی یاسای ژمارە (١٦٢) لە ساڵی ١٩٥٩ دیاریکراوە، لە پەرلەمانی عێراق دەرچووە و تا ئێستا نزیکەی (٢٧) جار هەموار کراوەتەوە. کاتێک پەرلەمان

یاسـایەک دەردەچوێنێت، مەبەسـت پەرلەمـانی کوردسـتان و عێراقیشـە، زۆربەی جـار گرنگیی یاساکە و چۆنیەتی جێبەجێکردن و پەیکەربەندی بەڕێوەبردنی لایەنی جێبەجێکار و پلەی وەزیفی کارمەندە سەرەکیەکانیش لە دامەزراوەکەدا دیاری دەکات، هەروەهـا ئەو تـوێژە کۆمەڵایەتییـانەیش دەستنیشـان دەکـات، کە بە ئامـانجی دەگرێـت...هتـد. هەمـوو یاسایەک کە دەردەچوێندرێت، گشتگیری پێوە دیارە، لەبەرئەوە پێویست دەکات یاسـاکە زیـاتر ئامانجدار بکرێت و لە جێبەجێکردندا زیرەکـانەتر بێت، ئەمەش لەلایەن دەسـەڵاتی جێبەجێکردنی پەیوەندیدارەوە (وەزارەت یان دامەزراوە یان دەستە یان...هتد) بە کۆمەڵێک ئامـاژەپێکردن ئەنجـام دەدرێت، کە لە زمـانی یاسـادا پێی دەگوترێت ڕێنمـایی (تعلیمـات)، بەڵام سیاسەتێک بۆ پیادەکردنی یاسا و ڕێنماییەکان پەیڕەودەکرێت، بە واتـای پیـادەکردن و جێبەجێکردنی کردەیی یاسـا و ڕێنماییەکـان، لە جێگـا و کـاتی دیـاریکراوی خۆیدا تـا بە کەمترین کات و تێچوون و ماندوبوون چ بۆ دامەزراوەکە و چ بۆ تـوێژی بە ئامـانجگیراو جێبەجـێ بکرێـت. لەوانەیە یاسـا و ڕێنمـایی بە تەواوی لەلایەن دامەزراوەیەکەوە جێبەجێبکرێت، بەڵام هەڵە لە سیاسـەتی جێبەجێکردندا هەبێت. لەوانەیە کڕینی پەرتـووکی قوتابخانە، بۆ نموونە، لە ڕووی بڕ و جۆر و نرخ..هتد بەپێی یاسا و ڕێنمایی یاسایی بێت، بەڵام لە گەیانـدنیان بـۆ قوتابخانەکـان لە کـاتی دیـاریکرا و گونجـاوی خۆیـدا کەموکـورتی هەبێت، کە پرۆسـەی خوێندن لەو قوتابخانەکاندا دواخستووە. لەبەرئەوە پێویستە ئاگاداری ئەو جیـاوازییە بین، لە هەمـان کاتدا پێویسـتە جیـاوازی بکرێـت لە نێوان چـاودێریکردنی سیاسـەتی جێبەجێکردنی یاسایەک و سیاسـەتی فەلسـەفەی یاسـاکە، کە گشتگیرە بۆ هەموو یاساکان، بەڵام ئەوەیتریان تەنها چاودێریی جێبەجێکردنی یاسایەکی دیاریکراوە.

لایەنی بەرپرسیار لە مەزەندە کردن و کۆکردنەوەی باجی خانوبەرە، بریتیە لە پەیکەربەندییەکی کارگێڕیی تایبەت بەخۆی، کە بریتیە لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە بەستراونەتەوە بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باجەوە، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرپەرشتی دەکات، بە پێی یاسای ١٩٥٩/١٦٢ و ڕێنماییەکانی باجی خانوبەرە کارەکانی باجی خانوبەرەش ڕادەپەڕێنێت، ئەمانیش لە ئاستی باڵاتر بە وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەستکراون.

فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، بەردەوام لە بەردەم قەبارەیەکی گەورەی مامەڵە و پشکنین و وردبینی و ئیشوکاری ژمێریاری و جۆری جیاوازی تری مامەڵەی ڕۆژانەدایە، هەر لەبەر ئەوەش، ئاساییە ڕۆژانە لە پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێنماییە تایبەتەکانی باجی خانوبەرەدا، ڕووبەڕووی چەندین کێشە ببێتەوە، کە هەندێک جار لادان لە ڕێڕەوی یاسا و ڕێنماییەکان درووست دەبێت، کە بە تێچوون و ماندوبوون و کاتی پێویستی مامەڵەکانەوە پەیوەستن، واتە بارگرانی بۆ هەردوولای هاوکێشەکە (فەرمانگەکان و باجدەرەکان) دروست دەکات.

ئەم ڕاپۆرتەی بەردەست هاوکار دەبێت، بۆ سنوور ڕێژکردنی ئەو کێشانەی لە ناو فەرمانگەکانی باجی خانوبەرەدا درووست دەبن، کە لە ئەنجامی سروشتی سیاسەتی پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی باجی خانوبەرە و هەموارکردنەوەکانیانەوە سەرچاوە دەگرن، لەبەرئەوە ڕاپۆرتەکە چاودێریی ڕێڕەوی ئەو سیاسەتە و خوێندنەوە بۆ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان دەکات، بە ئامانجی ڕاستکردنەوەیان بۆ کەمکردنەوەی کات و تێچوون و ماندوبوونی زیادە، کە لە بنەڕەتدا دەبنە هۆکاری بەهەدەردانی ئەو توانا و ماندوبوونانە.

## میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم ڕاپۆرتە بەشێکە لە پرۆژەی "چاودێریی جێبەجێکردنی سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی باجی خانووبەرە" کە لەلایەن ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگەی دیموکراتی نیشتمانی (NDI)، لە ماوەی نێوان مانگی شوباتی ٢٠٢٢ تا کۆتایی کانونی دووەمی ٢٠٢٣ لە هەرێمی کوردستاندا. جێبەجێ کراوە.

ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە ڕووماڵکردنی سیاسەتی باجی خانوبەرەی هەرێمی کوردستانە، لە ژێر رۆشنایی یاسای خانوبەرە ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ١٩٥٩ ی عێراقی نوسراوەتەوە، وێرای چەندین بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی چەند چالاکییەک، پاشان بڕیار درا بۆ هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، (٥٠) فۆرم بۆ فەرمانبەران و (٥٠) فۆرمیش بۆ هاوڵاتیان تەرخان بکرێت، بە ئامانجی ڕووپێویکی مەیدانی بۆ هەر پارێزگایەک.(*) جگە لەمە، لایەنە پەیوەندیدارەکانی (وەزارەتی دارایی، وەزارەتی پلاندانان، ژوورەکانی بازرگانی، بەڕێوەبەرێتییەکانی باجی خانوبەرە، دیوانی چاودێریی دارایی، دەستەی دەسپاکی، کەسانی ئەکادیمی و نۆ ڕێکخراوی ناحکومی) بەشدارییان تێدا کردووە.

مەبەستی ئێمە لەم پرۆژەیەدا خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

---

*. بە هەمواری پارێزگای هەڵەبجە لە ڕووپێوەکە و تێکەڵکردنی بە پارێزگای سلێمانی لەبەر کەموکوڕی دامەزراوە پێویستەکانی پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەکەوە.

١-چاودێریکردنی سیاسەت و ڕێکارەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی ئەوەی تا چەند یاساکە گونجاوە و تا کویش جێبەجێ دەکرێت.

٢- لێکۆڵینەوە لە واقیعی سیستەمی کۆکردنەوەی باج و ڕێکارەکانی و دەستنیشانکردنی لەمپەرەکانی بەردەمی و ئەو سەختیانەی ڕووبەرووی پرۆسەکە دەبێتەوە.

٣- پێشکەشکردنی پشتگیری و پێشنیاری پێویست، کە یارمەتیدەرە بۆ ئاسانکاری بەڕێوەچوونی پرۆسەکە. بەجۆرێک کە ڕێوشوێنەکانی حکومەت زیاتر وەڵامدەرەوە بن لە جێبەجێکردنی یاساکەو ئاسانکاری و گەیشتنی ئەو بڕە باجەی لە هاوڵاتیان کۆدەکرێتەوە بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

ڕاپۆرتەکە بۆ چاودێریکردنی سیاسەتی کارگێڕی کۆکردنەوەی داهاتی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، ئەو خاڵانەی لەخۆگرتووە:

١. چاودێریکردنی سیاسەتی مامەڵەی هوشیارانەی باجدانی خانوبەرە.

٢. چاودێریکردنی سیاسەتی مامەڵەی مەزەندەکردنی (تقدير) بڕی باجی خانوبەرە.

٣. چاودێریکردنی مامەڵەی سیاسەتی یەکانگیری بیروڕاو و ڕوانگەی یاسایی (توحيد الرأی و المنظور القانوني) فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە.

٤. چاودێریکردنی سیاسەتی مامەڵەی تۆمار و فۆرمەکانی باجی خانوبەرە.

٥. چاودێریکردنی سیاسەتی ئیدارەی ڕۆتین لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە.

بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستانەو جێبەجێکردنی پرۆژەکەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لە ڕێگەی چەند چالاکییەکەوە نران:

١-راگەیاندنی پرۆژەکە: رۆژی ٢٠٢٢/٢/٩ کاتژمێر (١٠) سەرلەبەیانی لە هۆڵی (هوتێل رامادا)ی شاری سلێمانی، بە ئامادبوونی بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، مامۆستایانی زانکۆ، نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی باجی خانوبەرەی سلێمانی، ژووری بازرگانیی سلێمانی، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکارانی کوردستان مەراسیمێکی فراوان بە مەبەستی ناساندن و راگەیاندنی پرۆژەکە ئەنجامدرا.




مەراسیمی راگەیاندنی پرۆژەکە لە ٢٠٢٢/٢/٩ لە شاری سلیمانی

٢-چەندین کۆبوونەوە بۆ ستافی پرۆژەکە بە مەبەستی ئامادەکاری و دانانی پلانی پرۆژەکەو نوسینەوەی راپۆرتەکە ئەنجامدرا، دەستکرا بە کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست سەبارەت بە یاسا و رێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.



کۆبوونەوەکانی ستافی پرۆژەکە بۆ ئامادەکاری

٣-پەرەپێدانی تواناکانی ستاف: بەشداریکردنی ستافی ئینستوتی پەی لە چاودێریکردنی سیاسەتە گشتییەکان، و میکانیزمەکانی پێویست بۆ ئەم پرۆسەیە وەک قۆناغی یەکەم بۆ شایستەکردنی ئەو کارمەندانەی کە بە ڕادەیەکی پێویست ئاشنان بەم سیاسەتە. هەروەها ئەگەری بەکارهێنانی هەمان میتۆدۆلۆژیا بۆ چاودێریکردنی سیاسەتەکانی تر. کە ئەمەش خۆی لە (٣) وۆرکشۆپدا بینییەوە، لە ماوەکانی (٥-٢٠٢٢/٩/٧)، (١٢-٢٠٢٢/٣/١٤)، (٢٢-٢٠٢٢/١٠/٢٦) کە لەلایەن پەیمانگەی دیموکراتی نیشتمانی (NDI)ەوە بە ئامادەبوونی ڕاهێنەر (دیڤید لارسن) لە شاری هەولێر ئەنجامدرا.





بەشداری ستافی پرۆژەکە لەو وۆرکشۆپانەی (NDI) بەمەبەستی پەرەپێدانی تواناکان لە شاری هەولێر ئەنجامی دا

٤- ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی: کە بە دیزاینکردنی فۆرمەکە دەستی پێکرد، ئەمەش بە کارکردن بۆ دواندنی زیاتر لە (١٥) کەس لە فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە و باجدەری خانوبەرە. لەسەر ئەم بناغەیە، بڕیاری دوو جۆر لە فۆرمی ڕاپرسی درا، یەکێکیان تایبەت بە فەرمانبەران، ئەویتریان تایبەت بە باجدەران بوو، ئەمەش بە لە بەرچاوگرتنی کرۆکی وەڵامەکان و هونەری زانیارییەکان جێبەجێکران. پاش دیزاینکردنی فۆرمەکان، کار بۆ تێستکردنی فۆرمەکان لە گۆڕەپانی کردەییدا کرا، بۆ هەر پارێزگایەک (١٠) فۆرم بۆ تێست

دیاریکران، تا سود لە هەڵە و کەموکوڕییەکان وەربگیرێت و دواتر بە شێوەیەکی دروست دوا دیزاینی فۆرمەکان بکرێت.

٥- کردنەوەی خولی تایبەت بۆ خۆبەخشەکان: لە رۆژی (٢٠٢٢/٥/١٩) لەلایەن بەڕێزان (محەمەد کەریم و فەیسەل عەلی)ەوە، خولی تایبەت بۆ خۆبەخشەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی رووپێوەکان کرایەوە، کە بۆ هەر پارێزگایەک (٣) دەرچووی زانکۆی بۆ تەرخان کرابوو، بە ئامانجی چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمەکان و ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لە وەرگرتنی زانیارییەکان، کە وردی زانیارییەکان و خۆگونجان لەگەڵ سایکۆلۆجیای دواندراوەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە گرنگن، ئەمەش لەبەر گرنگی وردی زانیارییەکان بۆ شیکردنەوەی ئاماری و ئابووری داتاکان. پاش کۆکردنەوەی فۆرمەکان، پێشکەش بە بەشی شیکردنەوەی ئامار کران، بە مەبەستی هەڵێنجانی زانیارییە پێویستەکان بە پێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە، دیزاینی لێکۆڵینەوەکە کرا، وەک ئەوەی لە پاشکۆکاندا خراوەتەڕوو، لێکۆڵینەوەکە کراوە بە دوو چاپتەر: یەکەم: سەرخانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرەی خستۆتەڕوو وەک پەیکەربەندی جۆریی فەرمانبەران، تەمەنی ڕاژەیان، قۆناغی خوێندنیان و هتد. هەروەها خوێندنەوە بۆ خەسڵەتی گشتیی باجدەری خانووبەرە کراوە لە ڕووی ڕەگەز، تەمەن، قۆناغی خوێندن و هتد. دووەمیش چاودێریکردنی سیاسەتی بەڕێوەبردنی داهاتی باجی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان.






کردنەوەی خولی تایبەت بۆ خۆبەخشەکان و ڕاهێنانیان





وۆرکشۆپی بەشداری پێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

٦- بەشداری پێکردنی ڕێکخراوەکان":

بە ئامانجکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی لەبواری چاودێریی سیاسەتە گشتییەکاندا کار دەکەن و لە بوارەکەدا ئەزموونیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە پارێزگای سلێمانی کراونەتە ئامانج. کە لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/٢٩ لە شاری سلێمانی کە سەرۆکی (٩) ڕێکخراو لەلایەن راهێنەر (د.بەختیار عەبدوڵڵا) ڕاهێنانیان

پێکرا، مەبەست لەم ڕاهێنانە بریتی بوو لە بەشداریکردنی ڕێکخراوەکان لە پرۆسەی چاودێریکردن و بەشداری پێکردنیان کە یارمەتیدەرە لە پرۆسەکەدا لە کۆکردنەوەی زانیاری و چاودێریکردنی ئەنجام و پێشنیارەکان لەم بوارەدا.




تیمی پرۆژەکە لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکانی ڕاپرسی

٧- لە ڕۆژانی (١-٢٠٢٢/٤/٤) تیمە خۆبەخشەکان لە فەرمانگەکانی باجی خانووبەرەی پارێزگاکاندا دەستیانکرد بە پڕکردنەوەی فۆرمەکان و بڕی (١٢٨)

فـــۆرم لەلایەن فەرمــــــانبەران و (١٥٢)

فۆرمیش لەلایەن هاوڵاتیانەوە پڕکرانەوە.

٨- لەماوەی بەڕێوەچوونی پرۆژەکەدا چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان ئەنجامدراوە، بیروڕا و سەرنجیان لەپێناو دەوڵەمەندکردنی راپۆرتەکە وەرگیراوە.



کۆبونەوەی ستافی پرۆژە لەگەڵ بەڕێوەبەری باجی دهۆک



کۆبونەوە لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری گشتی باجی هەرێم

٩- ئەنجامـدانی کۆبـوونەوەیەکی راگـۆڕینەوە سـلێمانی: رۆژی ٢٠٢٢/٨/١٦ لە شـاری سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرس و بەڕێوەبەرانی باجی خانوبەرەی سلێمانی و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی، ئەڵقەی دووەمی گفتوگۆ سەبارەت بە پرۆژەکە بەڕێووە چوو. کە هەریەکە لە بە ڕێزان: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەری باجی خانوبەرەی سلێمانی، لێپرسراوی هۆبەی یاسایی باجی خانوبەرەی سلێمانی و نوێنەرانی





ئەنجامدانی وۆرکشۆپێک لە سلێمانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی باجی خانوبەرە

ڕێکخراوی (NDI) و ڕاوێژکاری (NED) ئامادەبوون، سەرەتا (محەمەد کەریم) ڕێکخەری پڕۆژەکە بەشێک لە داتا و زانیارییەکانی بەشێوەیەکی ورد خستەڕوو، کە سەرجەمیان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهاتبوون، دواتریش لەلایەن ئامادەبوانەوە گفتوگۆی چڕی لەبارەوە کرا بۆ ئەوەی پڕۆژەکە دەوڵەمەندتر بکرێت.

١٠- ئەنجامدانی ۆرکشۆپێک هەولێر: ڕۆژی ٢٠٢٢/١٠/١٨ لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی هەریەک لە: پەرلەمانتاران و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، نوێنەرانی دەستەی دەسپاکی و دیوانی چاودێری، ڕاوێژکارانی وەزارەتەکانی دارایی و پلاندانان، بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەری گشتیی باجی هەرێم، بەڕێوەبەرانی باجی



وۆرکشۆپێک لە هەولێر لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی باج

خانوبەرە لە هەولێر، مامۆستایانی زانکۆ، بەڕێوەبەریی گشتی (NDI) (ستیڤ دریهاوس) لە عیراق و نوێنەرانی تری ڕێکخراوەکە، یۆرکشۆپێک سەبارەت بە پڕۆژەکە بەڕێووە چوو. سەرەتا (محەمەد کەریم) ڕێکخەری پڕۆژەکە بەشێک لە داتا و زانیارییەکانی بەشێوەیەکی ورد خستەڕوو، کە سەرجەمیان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهاتبوون، دواتریش لەلایەن ئامادەبوانەوە گفتوگۆی چڕی لەبارەوە کرا بۆ ئەوەی پڕۆژەکە دەوڵەمەندتر بکرێت.

١١- نوسینی ڕەشنوسی ڕاپۆرتەکە: لەلایەن هەریەک لە (محەمەد کەریم) وەک توێژەر و (فەیسەل عەلی) وەک ڕاوێژکاری پرۆژەکەوە ڕەشنوسی ڕاپۆرتەکە نوسراوەتەوە و دواتریش ڕەشنوسەکە بەمەبەستی وەرگرتنی بیروڕاو سەرنجی لایەنە پەیوەندیدارەکان و هاوبەشەکانەوە ئاراستەیان کراوە و فیدباکی هەریەکەیان بە مەبەستی دەوڵەمەندترکردنی ڕاپۆرتەکە وەرگیراوە.

## ئاڵنگارییەکان (التحدیات)

لە درێژەی کارەکەماندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری بووینەوە کە بریتین لە:

١. بە ئەستەم دەستکەوتنی داتا و ئامار و زانیاری لەسەر داهات و خەرجیی باجی خانوبەرە.

٢. گۆڕانی خێرای نرخی زەوی و خانوو و بەکرێدان، چونکە ئەمە لە دەوڵەتانی تازە گەشەسەندودا، دیاردەیەکی ئاساییە، لەبەرئەوە دەخوازرێت هەمیشە یاسا و ڕێنمایی و سیاسەتەکان لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا بگونجێندرێت.

٣. تەمەنی توێژی باجدەر، کە پێویستە فەرمانگە و دامەزراوەکان لەو ئاستەدابن.

٤. کۆنی یاسای باجی خانوبەرە و هەموارکردنی زۆری ئەو یاسایە.

٥. نەبوونی هەماهەنگیی ستوونی و ئاسۆیی، چ لە سەر ئاستی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە چ لەگەڵ فەرمانگەکانی تری حکومەت بێت.

٦.نەناردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان.

## هاوبەشەكانی ڕاپۆرتەكە

بوونی هاوبەش (stakeholder) لە چاودێریكردنی سیاسەتی هەر یاسایەک زۆر گرنگە، چونكە لەو كاتەدا ڕاپۆرتەكە نابێتە زادەی بیر و بۆچونی تەنها ئامادەكاری ڕاپۆرتەكە، بەڵكو بۆچوونی بەشداربووان بۆ ڕاپۆرتەكە زۆر گرنگ دەبێت، هەم بەرژەوەندییان هەیە لە دەرئەنجام و پێشنیارەكانی ڕاپۆرتەكە، هەم بە بەریەكەوتنیان لەگەڵ ئەو یاسایەی ڕاپۆرتەكەی لەسەر ئامادە دەكرێت هەیە، لە هەمان كاتیشدا بۆچوونەكانی ڕاپۆرتەكە پێگەیەكی تۆكمە و بەهێزتری لای بڕیاردروستكەر دەبێت. لەبەرئەوە بە پێویست زانراوە بۆ ئامادەكردنی ئەم ڕاپۆرتە، هەماهەنگی لەگەڵ بیروبۆچونی ئەو دامەزراوانەی خوارەوە بكرێت و سود لە بیروبۆچوونەكانیان وەربگیرێت:

١. نوێنەرانی پەرلەمانی كوردستان – سەرەڕای ئەوەی بە فەرمی سەرجەم ئەندامانی لیژنەی دارایی بانگهێشتكرابوون، بەڵام جگە لە یەک ئەندامی لیژنەكە (عومەر گولپی) ئەوانەی تر هیچكامیان ئامادە نەبوون، هەروەها ئەندامێكی لیژنەی سامانە سروشتییەكان (عەلی حەمەسالح) ئامادە بوو.

٢. نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٣. نوێنەرانی وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی كوردستان.

٤. ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان.

٥. نوێنەرانی زانكۆكانی كوردستان/ زانكۆی سلێمانی و لوبنانی-فەرەنسی و سەلاحەدین.

٦. نوێنەرانی دەستەی دەستپاکی کوردستان.

٧. نوێنەرانی دەستەی چاودێری دارایی کوردستان.

٨. نوێنەرانی ژوورە بازرگانییەکان.

٩. نوێنەرانی ڕاگەیاندنەکانی هەرێم و عیراق (دەسەڵاتی چوارەم).

١٠. نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی (دەسەڵاتی پێنجەم).

## بەشی یەکەم
## چاودێری سیاسەتی سەرخانی باجی خانوبەرە و باجدەرەکانی خانوبەرە
## لە هەرێمی کوردستان- عێراق

لەم ڕاپۆرتە، مەبەستی سەرەکی لە سەرخانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، بریتیە لە دیاریکردنی خەسڵەتە گشتیەکانی کارمەندەکانی ئەو فەرمانگانەیە، لە ڕووی شیکردنەوەی داتا ئامارییەکانی تایبەت بە سیمای ڕەگەز، قۆناغەکانی خوێندن، ساڵانی ڕاژەیان، بۆ ئەوەی بزانین فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، کە یاسای باجی خانوبەرە و هەموارەکانی، کۆی لێپرسراوێتی مەزەندەکرن و وردبینی و ئاگادارکردنەوە و کۆکردنەوە و... هتد سیستمی باجی پێی سپاردوون، بۆ ئەو مەبەستانە چۆن ئەم ستافەیان بەگەرخستووە، تا چەند توانیویانە باجدەران بۆ ئاستێک متمانە پێبکەن بە دادپەروەری و بە کارامەیی ڕایکردنی ئەرکەکانیان، تا باجدەر بە ئاسودەیی و سنگفراوانیەوە باجی خانوبەرەی خۆی بدات، کەمترین سەرپێچی تێدا بکەن و هەست بە مەغدوری زۆر نەکەن. لە هەمان کاتدا سیمای گشتی باجدەری خانوبەرەش دەخوێنێتەوە لە ڕووی تەمەن و ئاستی خوێندەواری و ڕاو بۆچوون و ئاستی متمانەیان بە فەرمانگە و فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە وەک لەو خاڵانەی خوارەوەدا ڕاڤە کراون. ئەمەش دوو بابەتی سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

١.چاودێری سیاسەتی سەرخانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە ڕووی سیمای گشتی فەرمانبەرەکانیەوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

٢.خەسڵەتەکانی باجدەری خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

## خەسڵەتەکانی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان

### ١. شیکردنەوەی پەیکەربەندی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە ڕووی ڕەگەزەوە:

ڕێژەی پیاوان لە فەرمانبەراندا دەگاتە ٤٩.٢% و ژنان ٥٠.٨%، وەک لە خشتەی ژمارە (١٨) دا هاتووە. ئەم ڕێژەیە جۆرێکە لە ڕاگرتنی باڵانسی ڕەگەزی لە فەرمانبەرەکاندا، کە بە خاڵێکی پۆزەتیڤ بۆ ئەو فەرمانگانە تۆمار دەکرێت.

### ٢. شیکردنەوەی پەیکەربەندی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە ڕووی قۆناغی خوێندنەوە:

ڕێژەی کەڵەکەبووی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس و سەروتر لەم فەرمانگانەدا دەگاتە ٧٠.٣%، کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە. هەروەها قوناغەکانی دواناوەندی و بەرەوخوار، ڕێژەکەیان دەگاتە تەنها ٢٩.٧%، وەک لە خشتەی ژمارە (٢٠) دەرکەوتووە.

### ٣. شیکردنەوەی پەیکەربەندی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە هەرێم لە ڕووی ساڵانی ڕاژەوە:

پەیکەربەندی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لەم ڕووەوە زۆر نموونەییە. ڕێژەی کەڵەکەبووی ساڵانی ڕاژەی (٦-١٠ ساڵ) و (١١ ساڵ و بەرەوژوور) دەگاتە ٩٦.٧%، بەڵام ڕاژەی (٠-٥ ساڵ) دەگاتە تەنها ٢.٤% کە ڕێژەیەکی زۆر نزمە، وەک لە خشتەی ژمارە (١٩) دەرکەوتووە.

ئەگەر تێبینی ساڵانی ڕاژەی فەرمانبەران بکەین لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، دەبینین خاوەن ڕاژەی (٠-٥) ساڵ، هیچ گروپێکیان نیە لە پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی، و تەنها ڕێژەی ٥.٩% لە هەولێر تۆمار کراوە. بەڵام گروپی ڕاژەی (٥-١٠) ساڵ، لە پارێزگای دهۆک دەگاتە ٢٢.٢% و لە هەولێر ٢٥.٥% لە سلێمانی ٢٤%. بەڵام گروپی

ڕاژەی (١١ ساڵ و بەرەوژوور) لە دهۆک ڕێژەی ٧٧.٨% تۆمار دەکات و لە هەولێر ٦٨.٦% و لە سلێمانی ٧٦%، وەک لە خشتەی پەیوەستی ژمارە (٣٦) دەرکەوتووە.

هەر لەبەر ئەمەشە، پێویستە گوێ لە بیروبۆچون و پێشبینییەکانیان بگیرێت بۆ گەشەپێدانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێم. ئەگەر لە ڕووی تەمەنیشەوە ڕەچاوی خەسڵەتیان بکەین، ئەوا گرنگی زیاتری ئەو فەرمانبەرانەمان بۆ دەردەکەوێت، وەک لە خشتەی ژمارە (٣٤) دەرکەوتووە. گروپی تەمەنی(٢٠-٣٤ ساڵ) ڕێژەی ٣٦.٧%ی تۆمار کردووە، گروپی (٣٥-٤٩ ساڵ) ٤٦.١%، و گروپی (٥٠ ساڵ و بەرەوژوور) تەنها ١٧.٢% تۆمار دەکات. نیشاندەرەکانی تەمەنی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە زۆر پۆزەتیڤە، ئەگەر لە ڕوانگەی ژمارەی کارمەندەوە، فەرمانگەکانی باجی خانوبەر هەڵسەنگێنین، فەرمانبەران، هەڵسەنگاندنیان بۆ ژمارەی کارمەند بۆ ئاستی (مامناوەند و زۆر) بە ڕێژەی ٨٨.٣% کردووە، خشتەی ژمارە (٣٥) دەرکەوتووە.

## خەسڵەتەکانی باجدەری خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان

### ١. پێکهاتەی پەیکەربەندی سامپڵی هەڵبژاردەی باجدەرانی خانوبەرە لە ڕووی ڕەگەزەوە:

بەشداریکردنی ژنان لە سامپڵی باجدەرانی خانوبەرە تا ڕادەیەک نزمە، کە بە ڕێژەی ٢١.٧% نوێنەرایەتی دەکەن، بەرامبەر پیاوان، کە ڕێژەکەیان ٧٨.٣% لە کۆی ژمارەی بەشداربوانی سامپڵەکە، کە (١٥٢) بەشداربووە، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە خشتەی ژمارە(١).

### ٢. گروپی تەمەن و خاوەنداریێتی خانوبەرە:

ڕێژەی بەشداربوونی باجدەری خانوبەرە لە گروپی تەمەنی (٢٠-٣٠) ساڵ، لە سامپڵی ڕاپرسیەکەدا ڕێژەی ٣٠.٩% ی تۆمار کردووە لە هەرێمدا، گروپی (٣٥-٤٩ ساڵ) ڕێژەی ٤٠.٨% و (٥٠ ساڵ بەرەوژوور) ڕێژەی ٢٨.٣% تۆمار کردووە، خشتەی ژمارە (٢).

### ٣. پەیکەربەندی باجدەری خانوبەرە لە سەر بناغەی قۆناغی خوێندن:

بەشداربونی قۆناغی دواناوەندی و بەرەوخوار، ڕێژەی ٥٢% تۆمار کردووە لە ڕاپرسیەکەدا، بەڵام دبلۆم و بەکالۆریۆس و بەرەوژوور، بە ڕێژەی کەڵەکەبووی ٤٨% تۆماربووە، خشتەی ژمارە (٣).

# بەشی دووەم
# چاودێری سیاسەتی داهاتەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان

ئەم بابەتە زیاتر پێداگیری لەسەر ئەو سیاسەتانەی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە دەکات، کە لە وێستگە جیاوازەکانی مەزەندەکردنی بڕی باجی خانوبەرە لە سەر موڵک و وردبینی کردن و تۆمارکردنی لە تۆمارە تایبەتەکان و کۆکردنەوەی داهات و هتد خۆی دەبینێتەوە. کە تیایدا بە دوور و نزیک تیشکی خستۆتە سەر لادان لە یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە باجی خانوبەرە بەبێ ئەوەی راپۆرتەکە هیچ ڕایەکی خۆی لەسەر بدات بێجگە لە ڕوونکردنەوەی زیاتری لادانەکان. بۆیە ئەم بەشە ئەو خاڵانە لەخۆ دەگرێت:

**یەکەم: چاودێریکردنی سیاسەتی مامەڵەی هۆشمەندی باجی خانوبەرە لای فەرمانبەر و باجدەری خانوبەرە.**

**دووەم: چاودێریکردنی سیاسەتی مامەڵەی مەزەندەکردنی(تقدير) ڕێژەی باجی خانوبەرە.**

**سێیەم: چاودێریکردنی مامەڵەی سیاسەتی یەکانگیری ڕاوبۆچوونی یاسایی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە.**

**چوارەم: چاودێریکردنی سیاسەتی مامەڵەی تۆمارەکانی باجی خانوبەرە.**

**پێنجەم: چاودێریکردنی سیاسەتی ئیدارەی ڕۆتین لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە.**

### یەکەم: چاودێریکردنی سیاسەتی مامەڵەی هۆشمەندی باجی خانوبەرە لای فەرمانبەر و باجدەر:(*)

لە ڕوانگەی خوێندنەوەی پرسیاری پێنجەمی ڕاپرسیەکە، کە تایبەتە بە باجدەران، "تا چەند شارەزاییت لە یاسا و ڕێنماییەکانی باجی خانوبەرە هەیە: کەم، مامناوەند، زۆر؟"

دەبینین زیاتر لە نیوەی باجدەری خانوبەرە زۆر کەم ئاگاداری یاسا و ڕێنماییەکانی باجی خانوبەرەن، کە ڕێژەکەیان دەگاتە ٥٧.٢%، وەک لە خشتەی ژمارە (٨) دا هاتووە.

ئەم حاڵەتەش بارگرانی لەسەر شانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە زیاتر دەکات لە تاوتوێکردنی مامەڵەکانی باجدەرانی خانوبەرە، لە هەمانکاتیشدا دەبێتە سەرچاوەی نارەزایی و بێزاربوونی باجدەر، سەرەڕای زیاترکردنی بارگرانی تێچوون لەسەریان بەهۆی ئاگانەبوونیان، پاشانیش سزای دواکەتنی بڕی باجەکەی. کەواتە بەرزکردنەوەی هۆشمەندی باج لای باجدەر هاندەرێکی باشە بۆ دروستکردنی بڕوابوون بە دادپەروەری ڕێژەی باجی دیاریکراو و ئاسانکاریە بۆ کۆکردنەوەی داهاتی باج و دوور کەوتنەوە لە خۆدزینەوە لە باج و دۆزینەوەی ڕێگای نا یاسایی.

ئەگەر لە ڕوانگەی پەیوەندی هۆشمەندی بە یاسا و ڕێنماییەکانی باجی خانوبەرە بە ئاستی خوێندەواری (باجدەرەوە) سەیر بکەین، دەبینین ڕێژەی کەڵەکەبوو لە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرەوژوور بۆ ئاستەکانی (کەم و مامناوەند) دەگاتە ٦٦.٧% واتە کەمتر هۆشمەندیان لەسەر یاسا و ڕێنماییەکان هەیە، و تەنها ٣٣.٣% باوەڕیان وایە کە تا ئاستێکی باش ئاگایان لە یاسا و ڕێنماییەکانی باجی خانوبەرە هەیە. بەڵام هەڵگرانی

بڕوانامەی دبلۆم بە ڕێژەی ٨٤% بۆ ئاستی (کەم و مامناوەند) تۆمارکراون و ١٦% بە ئاستی زۆر تۆمار کراوە. تـوێژی دواناوەنـدی و بەرەوخـوار، بە ڕێـژەی کەڵەکەبـووی ٩٢.٥% بە (کەم و مامناوەند) تۆماربوون و بە ڕێژەی ٧.٦% بە زۆر تۆمار بوون، وەک لە خشـتەی ژمـارە (١٤) دەرکەوتـووە. لەبەرئەوە بەرزکـردنەوەی هۆشـمەندی بـاج لای باجدەری خانوبەرە، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی ئەو فەرمانگانە بۆ خۆگونجاندن لە نێوان فاکتەرەکـانی هەسـتنەکردنی باجـدەر بە قورسـایی ڕێوشـوێنەکانی باجـدان و زیـادکردنی داهاتی حکومەت و کەمکردنەوەی کێشەکانی کۆکردنەوەی داهاتی باجی خانوبەرە.

ئەگەر سـەیری سیاسـەتی بـاجی خـانوبەرە بکەیـن لە ڕوانـگەی پرسـیاری یەکەم و دووەمی ڕووپێوی تایبەت بە فۆرمی باجدەری خانوبەرە، "ئایا بە ئامادەبوونی خۆت باج لەسـەر مـوڵکەکەت دادەنـدرێت؟ و ئایـا لە بـڕی بـاجی سـاڵانەی مـوڵکەکەت ئاگـادار دەکرێیتەوە؟"

دەبینـین ڕێژەی ٦٧.٨% باجـدەرانی خـانوبەرە دەڵێن نەخێر، بە ئامـادەبوونی خۆیـان باجی سەر موڵکەکانیان دانانرێت، ڕێژەی ٧٥% دەڵێن ساڵانە لە بڕی بـاجی سـەپێندراو ئاگادار ناکرێینەوە، ئەمە سـەرەڕای پێداگری یاسـای بـاجی خـانوبەرە ١٩٥٩/١٦٢ لەسـەر ئەو ئاگادارکردنەوەیە لە ڕێگای فۆرمی (١٨/داهات)، وەک لە خشتەی ژمارە (٤) و (٥)دا دەرکەوتووە. بەڵام ڕێژەی ٣٢.٢% دەڵێن بـاجەکە بە ئامادەیی خۆمان دەسـەپێندرێت، و ٢٥% دەڵێن بەڵێ لە بڕی باجی خانوبەرەکەمان ساڵانە ئاگادار دەکرێینەوە.

شـایانی باسـە لە هەردوو ئەو سـیمینارانەی کە لە هەولێـر و سـلێمانی ئەنجامـمانـدا، فەرمانبەران دوپاتیان کردەوە، کە ناتوانن هەموو باجدەران ئاگادار بکەنەوە، تەنها فۆرمی

(١٨/داهات) دەدرێت بە كرێچی یان بە دەرگاكەوە هەڵدەواسرێت و دڵنیا نین لە گەیشتنیان بەدەست باجدەر، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خۆمان حەزناكەین باجدەر خۆی لەسەر موڵكەكەی بێت كاتێك لیژنەكانمان دەچن، چونكە زۆر كەیسی پۆلیسمان هەیە كە پێكدادان ڕوودەدات لەگەڵ باجدەردا.

ئەگەر باجدەری خانوبەرە لە بڕی باجەكەی ئاگاردار نەكرێتەوە كە لە كاتی خۆیدا پاكتاوی بكات، بە دڵنیایەوە بە پێی یاسا تووشی سزای دواكەوتن دەبێت.

ڕێژەی ٧٥% لە بەشداربوانی ڕوپێوەكە لە باجدەرانی خانوبەرە، لە بڕی باجەكەیان ئاگادار نەكراونەتەوە، هەرچەندە(ڕێنماییەكانی ساڵی ٢٠١٩ بەندەكانی ٣، ٥، ١٧ لە ڕێنماییەكانی ١٨/داهات و یاسای باجی خانوبەرە ١٩٥٩/١٦٢، مادەی ١٤ كە تایبەتە بە ئاگاداركردنەوەی باجدەر لە بڕی باجەكەی) پێداگری لەسەر ئەم ئاگادار كردنەوەیە دەكات، كە دەبێتە هۆی ئەوەی باجدەر لە كۆتایدا دووچاری سزای دواكەوتنی باجەكەی ببێت، یان كەڵەكەبوونی باج و سزاكە بەیەكەوە دەبێت.

شایەنی باسە، لەو سیمینارەی لە سلێمانی ئەنجامماندا، كە تێیدا بەڕێزان فەرمانبەرە باڵاكانی باجی خانوبەرە ئامادەبوون، گفتوگۆ دەربارەی ئەو خاڵانەی سەرەوە كران، ئەوان ڕایان وابوو، ڕاستە هەندێك لە فەرمانبەران لە كارەكانیان لاوازن، خولی ڕاهێنانمان نیە بۆیان، ناتوانین سیستمی ئاگاداركردنەوە لە باج بە ئینتەرنیت دابنێین، هەروەها دوپاتیان كردەوە، كە فەرمانبەر بۆ ماوەیەكی زۆر لە یەك جێگا (بەیەك ناونیشانی وەزیفی) دەمێنێتەوە ئەمەش ڕێگا خۆش دەكات بۆ گەندەڵی و شارەزانەبوون لە بەشەكانی تر.

**دووەم: چاودێری سیاسەتی ئیدارەی مەزەندەکردنی(تقدير) بڕی باجی خانوبەرە**

**:RET assessment**

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی سیستمی باج، بریتیە لە زیادکردنی داهاتی حکومەت، بۆیە زۆر پێویستە لەم ڕووەوە چاودێری پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی باج بکرێت، و لە میانەی پرسیارێکی ڕووپێوەکە بۆ باجدەری خانوبەرە"چۆن بڕی باجی سەر موڵکەکەت هەڵدەسەنگێنیت؟" کەم، مامناوەند، زۆر.

ڕێژەی کەڵەکەبووی وەڵامی(کەم و مامناوەند) لە ڕاپرسیەکەدا، بۆ بڕی باجی سەپێندراو بەسەرموڵکەکاندا دەگاتە ٣٢.٢%، بەڵام ڕێژەی ناڕازییەکان واتە (زۆر) دەگاتە ٦٧.٨%، وەک لە خشتەی ژمارە (٧). ئەم ڕێژەیە وا هەست دەکەن بڕی باجەکە بۆ موڵکەکانیان زۆرە و جۆرێکە لە نادادپەروەری، بە پێی یاسای (١٦٢/١٩٥٩، مادەی ٦)، بۆیە هەوڵدەدەن بە هەموو جۆرێک خۆیانی لێ دەرباز بکەن. بەردەوامی ئەو حاڵەتە دەبێتە دارمانی بڕوابوون بەو فەرمانگانە و ناشەفافی و لێڵی باڵدەکێشێت بەسەر مامەڵەکردن لە نێوان باجدەری خانوبەرە و فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە.

باجی خانوبەرە بە دەقی یاسایی دەسەپێنرێت، بەڵام کێشەکان، بە پێی ڕووپێوەکە، لە سروشتی چۆنایەتی مەزەندەکردنی بڕی باجەکانە، کە ڕاو بۆچوونەکانی باجدەر و فەرمانگەکان یەکبخات. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا، بەرزی ڕێژەی باجدەری ناڕازی بەسە بۆ ئەوەی ئەو فەرمانگانە بە سیاسەتەکانی خۆیاندا بچنەوە، بە تایبەتی هۆشمەندی سەبارەت بە باجدان (الوعی الضريبي).

له چاوپێکەوتنەکانماندا هەندێک فەرمانبەر جەختیان لەوە دەکردەوە لە هەندێک حاڵەتدا بەهۆی گرنگینەدانی لیژنەکانی مەزەندەکردن بە بابەتەکە بڕی باجەکە زۆر مەزەندە دەکرێت، یان بەکارنەهێنانی دەسەڵاتەکان، بۆ نموونە: لیژنەی ڕۆژانە بۆی هەیە ڕێژەی ١٥%ی بڕی باج زیاد و کەم بکات، یا لە سەرچاوەی حیزبییەوە بەڕێوەبەری فەرمانگە ئاگادار دەکرێنەوە کە بڕی باج زیاد بنووسرێت بۆئەوەی باجدەر نامەی ناڕازیبوون پێشکەش بکات و بڕی ٥٠% باجی ئەو ساڵەی لێوەربگیرێت بەر لە راییکردنی مەزەندەکردنەکە.

بۆ دڵنیابوون لە ڕێڕەوی ئەو سیاسەتە، لێکۆڵینەوەکە هەڵساوە بە چاودێریکردنی سیاسەتەکە لە ڕوانگەی بەستنەوەی، خشتەی پێدانی فۆرمی (١٨/داهات) کە هەر پێنج ساڵ جارێک ئەنجامدەدرێت بۆ خەمڵاندنی باج لەسەر موڵکەکان.

لە بەستنەوەی ئەو خشتەیە بە خشتەی قۆناغی خوێندەواری فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە، ڕێژەی ٤٥.٣% لە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرەوژوور، لە فەرمانبەران، دەڵێن ئەو فۆرمی ئاگادارییە نادرێتە دەست خاوەن موڵکەکان، و ڕێژەی ٥٤.٧١% دەڵێن فۆرمەکان دابەش دەکرێن بۆ خاوەن موڵکەکان. هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم بە ڕێژەی ٣٢.٤% دەڵێن نەخێر، و ٦٧.٦% دەڵێن بەڵێ دابەشدەکرێت. بەڵام دواناوەندی و بەرەوخوار، بە ڕێژەی ٤٤.٧% دەڵێن نەخێر، و ٥٥.٣% دەڵێن بەڵێ دابەش دەکرێت، وەک لە خشتەی ژمارە (٣٠)دا هاتووە.

لەلایەکی ترەوە، راپۆرتەکە، هەڵساوە بە چاودێریکردنی سیاسەتی بەدەستخستنی داهات و چۆنیەتی مەزەندەکردنی لە ڕێگەی وەڵامی پرسیاری ژمارە (٧) ی باجدەرەکان "ئایا هەست دەکەیت بڕی باجی سەر موڵکەکت دادپەروەرانەیە؟"

ڕێژەی ٧٦.٣% لە باجدەرانی سامپڵەکە، دەڵێن بڕی باجەکان نادادپەروەرانەیە، ٢٣.٧% دەڵێن دادپەروەرانەیە، وەک لە خشتەی ژمارە (٩) دا هاتووە.

بەردەوامبوونی ساڵانەی ئەو حاڵەتە، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕاوبۆچونی باجدەری خانوبەرە بە ئاڕاستەی ڕاکێشانیان بۆ هەستکردن بە دادپەروەری بڕی باج بە پێی یاسا و ڕێنمایەکانی باجی خانوبەرە (١٩٥٩/١٦٢ مادەی ٦ بۆ مەزەندەکردنی بڕی باجی خانوبەرە)، دەبێتە هۆی نەهێشتنی متمانە بە دامەزراوەکانی باجی خانوبەرە.

لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانماندا لەگەڵ فەرمانبەراندا، جەختیان لەوە کردەوە کە لە عێراق خاوەن موڵک یەک باج دەدات ئەگەر خۆی موڵکەکە وەک بزنس بەکاربهێنێ، بەڵام لە کوردستان دەبێت دوو جۆر باج بدات، یەکێکیان بۆ مولکەکەی ئەویتریان بۆ داهاتەکەی.

ئەگەر وەڵامی پرسیاری (٨) شیبکەینەوە، کە دەڵێت "ئەگەر وەڵامی پرسیاری ژمارە ٧ بە نەرێنی بوو (واتە باجەکە نادادپەروەرانە بوو)، بە ڕای تۆ، کام هۆکار زۆرتر کاریگەر بووە؟".

ڕای باڵا لە وەڵامەکاندا، نادادپەروەریە، کە زیاتر بە هۆی ئەوەوە بووە کە (بە هەڕەمەکی مەزەندە دەکرێت)، ئەم وەڵامە ڕێژەی ٤٢.٨% تۆمار دەکات، بە پلەی دووەم، کە دەکاتە ڕێژەی ١٣.٢% ئەو نادادپەروەریە دەگێڕێتەوە بۆ (پەلەکردن لە مەزەندەکردنی بڕی باجەکە لەلایەن لیژنەکانەوە)، بەڵام ڕێژەی ١٠.٥% لە باجدەران دەڵێن هۆکار ئەوەیە، کە (هیچ ڕای خاوەن موڵک وەرناگیرێت و نازانن بە چ میکانیزمێک باجەکان مەزەندە دەکرێن)، و ڕێژەی ٩.٩% هۆکارەکە دەگێڕنەوە بۆ (فەرمانبەری نەشارەزا لە بواری

مەزەندەکردنی بڕی باجدا)، پاڵپشت بە هەمان یاسای سەرەوە، وەک لە خشتەی ژمارە (١٠) دەرکەوتووە.

لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ باجدەرێکدا دوپاتی کردەوە، کە لیژنەکان شارەزا نین و بە پێی هەنگاوەکان و مەرجەکانی یاسا، کە لە ماددەکانیدا بۆ مەزەندەکردنی بڕی باج دیاریکراوە، پەیڕەو ناکرێت. ئەو نموونەیەکی هێنایەوە گوتی من دوکانێکم هەیە بڕی ٨٥٠ هەزار دیناری کرێیان بۆ داناوم، پاشان سەردانی فەرمانگەم کردووە، گوتومە زۆرە ئەگەر بڕوام پێناکەن من گرێبەست لەگەڵ فەرمانگە دەکەم کە ماگانە (٣٥٠) هەزار دینار بدەن بە من، ئەوی تر بۆ خۆتان، هێشتا بڕوایان نەهات و بڕیارەکەی خۆیان جێبەجێکرد. فەرمانبەرەکانیش لە سیمینارەکاندا دەڵێن باجدەر ڕاستمان لەگەڵ ناکەن و بڕوامان بە قسەکانیان نییە.

ئەگەر نادادپەروەری بڕی باجی خانوبەرە بە گریمانە وەربگرین، لە ڕووپێوەکەدا بە ئاستی خوێندەواری باجدەری خانوبەرە بیبەستینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕێژەی ٥٧.١% لە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرەوژوور لە باجدەرەکان، دەڵێن دانانی بڕی باج بە هەڕەمەکیە، ٢٠% دەڵێن هیچ لە بڕی باجەکەیان نازانن، و ١٤.٣% دەڵێن هۆکاری نادادپەروەریەکە بۆ فەرمانبەری نەشارەزا لە بواری مەزەندەکردنی بڕی باجدا دەگەڕێتەوە، و ٨.٦% دەڵێن پەلەکردن لە مەزەندەکردن هۆکارە بۆ سود وەرگرتن لە کات بۆ ئەوەی زۆرترین مامەڵە بەڕێبکەن، وەک لە خشتەی ژمارە (١٥) دەرکەوتووە. بەڵام هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم بە ڕێژەی ٥٧.١% دەڵێن هۆکار ئەوەیە کە بە هەڕەمەکی باجەکان مەزەندە دەکرێن، و ڕێژەی ٢٨.٦% ڕایان وایە، کە لیژنەکانی مەزەندەکردن پەلە

دەکەن بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە کەمترین کات و زۆرترین مامەڵە بەڕێبکەن. ڕێژەی ١٤.٣% ڕایان وایە فەرمانبەرانی لیژنەکان لە مەزەندەکردنی بڕی باج وەک لە یاساکەدا هاتووە نەشارەزان.

بەڵام بۆ دواناوەندی و بەرەوخوار، ڕێژەی ٥٥% هۆکاری ناداپەروەری دەگێڕنەوە بۆ هەڕەمەکی لە دانانی باجدا، ١٨,٣% پەلەکردنی لیژنەکانە، ١٥% هیچ دەربارەی باجەکانیان نازانن، ١١,٧% دەیگێڕنەوە بۆ فەرمانبەری ناشارەزا لە مەزەندەکردنی باجدا. بۆیە دەبینین کۆدەنگیەک بە ڕێژەی ٥٥%- ٥٧% هەیە کە هۆکار بریتیە لە فاکتەری هەڕەمەکی.

لە یاسای باجی خانوبەرە گرنگیدراوە بە تەکنیکی مەزەندەکردنی باجی خانوبەرە بە تایبەتی (مادەی ٦ لە یاسای ١٩٥٩/١٦٢)، بێجگە لە پسپۆڕی فەرمانبەرانی مەزەندەکردن (یاسای ١٩٥٩/١٦٢ مادەی ١٢ و ١٣)، هەروەها هەنگاوێکی تری ڕاستکردنەوەش هەیە بۆ بڕی باجی سەپێندراو، کە بریتیە لە پێشکەشکردنی ناڕەزایی (اعتراض) لەلایەن باجدەری ناڕازییەوە، ئەمەش باجدەر دەخاتە ناو گێژاوی کەناڵێکی دوور و درێژی ڕێڕەوی کێشەی ڕەخنەگرتن لە بڕی باجی سەپێندراو.

شایانی باسە، لێکۆڵینەوەکە لە زۆر جێگادا ئاماژەی بە ئاستی تۆکمەیی زانستی و خوێندەواری فەرمانبەرەکانی باجی خانوبەرە وەک سەرخانی سیستمی باجی خانوبەرە، کردووە. ئەمەش بەوە لێکدەدرێتەوە، کە ئەو سەرخانە لێهاتووە، وەک پێویست هەڵناسوڕێندرێت و ژینگەی فێربوونیان بۆ ناڕەخسێندرێت، وەک خولی ڕاهێنان و

ۆرکشۆپ و کەڵەکەکردنی پسپۆڕی و هاندانی پێویست و هتد، کە بە پۆزەتیڤی بەسەر چۆنیەتی مەزەندەکردنی بڕی باج دەشکێتەوە و پاشان زیادکردنی داهاتی حکومەت.

لێکۆڵینەوەکە، لایەنێکی تری بابەتی چاودێری سیاسەتی باجی خانوبەرەی شیکردۆتەوە، لە ڕێگای ڕاڤەکردنی وەڵامی پرسیاری ژمارە (٩)، کە دەڵێت "ئایا هیچ هیوایەکت بە پێشکەشکردنی نارەزایەتی باجی سەر موڵکەکەت هەیە؟"

ڕێژەی ٦٦.٤% دەڵێن نەخێر، کە هیچ سودێکی نیە، و ڕێژەی ٣٣.٦% دەڵێن پێشکەشکردنی نارەزایەتی سودی هەیە بۆ کەمکردنەوەی بڕی باجەکە، وەک لە خشتەی ژمارە (١١) دەرکەوتووە.

ئەگەر سەیری ئەو کێشەیە بکەین لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم خشتەی ژمارە (١٦) تیشکی زیاتری خستۆتەسەر. دەستنیشانکردنی هۆکاری بێهیوابوونی باجدەران لە نارازی (اعتراض) پێشکەشکردن، سەرەڕای بە یاساییبوونی نارازیبون و شێوازی ئەنجامدانی (یاسای ١٩٥٩/١٦٢ مادەی ١٨ و ١٤)، بەڵام بەرزی ڕێژەی بێهیوابوون لە پێشکەشکردنی نارازیبوون جێگای نیگەرانیە و ئاماژەیە بۆ ونبونی بڕواو و متمانە بە کاری ئەو فەرمانگانە لە هەرێمی کوردستان و سیاسەتی مەزەندەکردنی بڕی باجی خانوبەرە، کە یاسا بەرکارەکان دیاریکردووە.

بۆ لێپێچینەوە لە هۆکاری نەبوونی متمانە بە پێشکەشکردنی نارەزایبوون لە بڕی باجی سەر موڵکەکان لە لایەن باجدەرەوە، راپۆرتەکە هەڵساوە بە شیکردنەوەی وەڵامی پرسیاری ژمارە (١٠) لە باجدەر، کە دەڵێت "ئەگەر وەڵامی پرسیاری پێشوت بە نەخێر

بوو (واتە هۆکاری پێشکەشنەکردنی داوای ناڕازیبوون)، بەڕای تۆ کام لەم هۆکارانە زۆرترین ئاسەواری هەبووە؟"

ڕێژەی ٤٧.٤% لە بەشداربوانی باجدەر دەڵێن ناڕازیبوون پێشکەشکردن هیچ سودێکی نیە بۆکەمکردنەوەی بڕی باج، و ٨.٦% دەڵێن قەرەباڵغی فەرمانگەکان هۆکارن بۆ تێنەگەیشتن لە کێشەی ناڕازیبوون و نادادپەروەری بڕی باج لەگەڵ فەرمانبەرەکان، ٦.٦% دەڵێن پێشکەشکردنی نارەزایی لە باج ڕاناگرێت ئەگەر لە ٥٠% بڕی باجی خانوبەرەی ئەو ساڵەی موڵکەکە نەدەرێت، و ٣.٩% دەڵێن قەرەباڵغی بەردەم ژووری فەرمانبەرەکان وا دەکات پێشکەشکردنی ناڕازیبوون سودی نەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کات و تێچوون و ماندوبوونێکی زۆری دەوێت بەهۆی سنوردارکردنی ماوەی پێشکەشکردنی ناڕازیبون تەنها لە یەکەم مانگی ساڵی تازەدا، وەک لە خشتەی ژمارە (١٢) دەرکەوتووە.

هەرچەندە ماوەی نارەزایی پێشکەشکردن تەنها لە مانگی یەکی سەری ساڵ دوای ڕووپێوی گشتی دیاریکراوە، بەڵام (١٥) ڕۆژی بۆ درێژکراوەتەوە بە پێی ڕێنمایی، کە هەر تۆمارکردنی داواکە بەسە بۆ ئەوەی باجدەر تووشی سزای دارایی نەبێت، بەڵام ئەم زانیاریانەش وەکو پێویست نەگەیەندراوەتە باجدەر، مادام ڕێژەی بێهیوایی لە ناویاندا بۆ ئاستێکی زۆر لە پێشکەشکردنی ناڕازیبوون بەرزە. خشتەکانی ژمارە (٢٢، ٢٥، ٢٧) زانیاری زیاتر دەستدەخات.

لە هەموو سیمینارەکانماندا فەرمانبەران ئەوەیان دوپات کردەوە، کە باجدان لای هاوڵاتی قورسە و مەسەلەی باج تازەیە لە کوردستاندا، بۆیە باجدەر هەمیشە فیڵ دەکات

و وەڵام و زانیـاری ناڕاسـت دەدات، هەرئەوەشـە زۆر جـار لەسـەر مـوڵکەکە لە کـاتی مەزەنـدەکردنی بـڕی باجـدا، بەریەک کەوتـن لە نێـوان لیژنەکـان و باجـدەر ڕوو دەدات.

هێشتا نەمان توانیوە ئەم کێشەیە لە کوردستان چارەسەر بکەین.

## سێیەم: چاودێری سیاسەتی یەکڕایی و دیدگای یاسایی فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە

ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی ڕۆژانەی باجدەری خانوبەرە لەو فەرمانگانەدا، دەخوازێ هیچ دوو دڵی نەبێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانە، بە واتایەکی تر، پێویستە ڕێڕەوێکی یاسایی هەبێت بۆ یەک بیروڕایی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانە. بەڵام لە شیکردنەوەی وەڵامی پرسیاری ژمارە (١) ی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە، "ئایا قەرزارەکانی باجی خانوبەرە، بە تایبەتی گەورەکان، ساڵانە ئاگادار دەکرێنەوە لە بڕی باجەکانیان؟"

بە ڕێژەی ٨٥.٩%ی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە دەڵێن نەخێر، تەنها ١٤.١% دەڵێن بەڵێ، خشتەی ژمارە (٢١).

بۆ بەدواداچوونی زیاتری حاڵەتی نەبوونی یەک بیروڕای فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە و شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی، لێکۆڵینەوەکە هەڵساوە بە شیکردنەوەی وەڵامی پرسیارێکی تر لە فەرمانبەرەکان، ئەوەتا لە پرسیاری ژمارە (٣)دا هاتووە، کە دەڵێت: "ئایا هیچ تۆمارێک هەیە بەناوی تۆماری (ڕەدیات) بۆ گەڕانەوەی مافی باجدەر لە تەرازووی دارایی فەرمانگەی باجی خانوبەرە لە کۆتای ساڵی دارایی، ئەگەر بە هەرچ هۆیەکەوە بێت ئەو مافەی باجدەر کەوتبێتە لای فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە؟"

تۆماری ڕەدیات تایبەتە بە پاراستنی مافی باجدەر کە بە زیادە لە مامەڵەکانیدا لێی وەرگیرابێت، دەبێت بە ماف بەسەر فەرمانگەی باجی خانوبەرەوە و لە کۆتایی ساڵی داراییدا بۆی دەگەڕێندرێتەوە.

ڕێژەی ٥٧.٨% لە فەرمانبەران بە نەخێر وەڵام دەدەنەوە، کە هیچ تۆمارێکی تایبەت بە ناوی ڕەدیاتەوە هەبێت بۆ پاراستنی مافی ڕابوردووی باجدەر، کە پاشان بۆی بگەڕێندرێتەوە بە پاکتاوکردنی لە کۆتایی ساڵی داراییدا، و ڕێژەی ٤٢.٢% دەڵێن ئەو تۆمارە هەیە و مافی باجدەری تیا پارێزراوە، وەک لە خشتەی ژمارە (٢٣) دەرکەوتووە.

ئەم دووفاقیە لە ڕاوبۆچوونی فەرمانبەرانی فەرمانگەی باجی خانوبەرە، نیشانەی کەموکورتییە لە تێگەشتنی یاسا و ڕێنماییەکانی باجی خانوبەرە لە سەر حسابی باجدەر، هەرچەندە کۆی ئەو ڕێکارانە بە چاکی لە یاسای باجی خانوبەرە و ڕێنماییەکانیدا چارەسەر کراوە، (یاسای ١٩٥٩/١٦٢ مادەی٢٥)، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ ڕێنمایی دەرچووە بە ڕاگرتنی ئەو مادەیە، و لە ساڵی ٢٠١٨ ڕێنمای تر دەرچووە بە نەگەڕانەوەی شایستە داراییەکانی ڕەدیات، بەڵکو دەکرێت پاکتاوبکرێت لەگەڵ مافی تری باجدەر لە هەمان فەرمانگە و بە پێی دەسەڵاتی هەمان فەرمانگە، ئەمەش سەرپێچی یاساییە (چونکە یاسا بە یاسا پوچەڵ دەکرێتەوە نەک بە ڕێنمانیی).

بۆ سەیرکردنی هەمان بابەت، ڕای فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە پرسیارێکی تردا وەرگیراوە بە پێی ئاستی خوێندەوارییان، وەک لە خشتەی ژمارە (٣٦) دەرکەوتووە.

بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر هەمان کێشە، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی تر، ڕاپۆرتەکە هەڵساوە بە وروژاندنی بابەتێکی گرنگ لە مامەڵەی باجی خانوبەرە، وەک لە پرسیاری ژمارە (٤) دا هاتووە بۆ فەرمانبەران، کە دەڵێت "ئایا بۆ ڕووپێوی گشتی باجی خانوبەرە هەر پێنج ساڵ جارێک، فۆرمی ١٨/داهات بە خاوەن موڵک دەدرێت؟"

فۆرمی (١٨/داهات) زۆر زانیاری دەربارەی خاوەن موڵک هەڵگرتووە، وەک سیما و خەسڵەتی موڵکەکە و لە ناویشیاندا بڕی باجی سەپێندراو بە پێی ڕووپێوەکە، ئەم بڕە باجە بۆ ماوەی (٥) ساڵ بەردەوام دەبێت تا ڕووپێوێکی گشتی تر دەکرێتەوە. پێویستە ئەم فۆرمە بدرێتە دەستی باجدەر بۆ ئەوەی بڕی باجەکەی تا کۆتایی ساڵ پاکتاو بکات، تا دووچاری سزای دارایی نەبێت، ئەمەش بەپێی یاسای (١٩٥٩/١٦٢ مادەکان ١٤ و ٣١)، ئەگەرباجدەر بەو بڕی باجە ڕازی نەبوو کە بۆی داندراوە، دەتوانێ لە ماوەی یەک مانگدا ناڕازیبوون پێشکەش بکات، کە مانگی (کانونی دووەمی ساڵی نوێیە).

ڕێژەی ٥٨.٦% لە فەرمانبەران بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، کە ئەو فۆرمە هەیە و یاسا دیاریکردووە، بە هەر شێوەیەک بێت ساڵانە دەگاتە دەستی باجدەر، ٤١.٤% لە فەرمانبەران دەڵێن نەخێر ئەو فۆرمە ناگاتە دەستی خاوەن موڵک بۆ پاکتاوکردن، وەک لە خشتەی ژمارە (٢٤) دەرکەوتووە.

لەو حاڵەتەدا، باجدەر نە بڕی باجەکەی دەزانێ نە بەرواری پاکتاوکردنی. ئەگەر ناڕەزایش لە نادادپەروەری بڕی باجەکەش پێشکەش بکات، دەبێ ڕێژەی ٥٠% کۆی باجی ئەو ساڵە بدات بە پێچەوانەوە کارەکەی بە پێی یاسا ڕایی ناکرێت، تا جارێکی تر پشکنینی بۆ بکرێتەوە و سەرلەنوێ مەزەندەی بڕی باجی بۆ بکرێتەوە.

شایانی باسە، پێدانی ئەو فۆرمە زۆر گرنگە بۆ باجدەر چونکە مافەکانی دەپارێزێ و لانیکەم دووچاری سزای دواکەوتن نابێت. بەڵام ڕێژەی ٤١.١% لە فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە، بەپێی ڕووپێوی لێکۆڵینەوەکە ئاگایان لەم ئەرکە گرنگە نیە. بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە زۆر لە بەرژەوەندی فەرمانگەی باجی خانوبەرە و خاوەن

مۆڵکە، چ وەک تێچوون، چ وەک کات و چ وەک ماندووبوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گرفتەدا. هەروەها خشتەکانی (٢٥، ٢٦،٢٧، ٢٨ و ٢٩) زانیاری زیاتری لەسەر ئەم کێشەیە ڕوونکردۆتەوە.

## چوارەم: چاودێری سیاسەتی ڕاگرتنی تۆمارەکانی باجی خانوبەرە

تۆمارە بنەڕەتییەکانی باجی خانوبەرە، بریتیە لە تۆماری ڕەدیات، کە لە بابەتەکانی پێشودا باس کران، هەروەها تۆماری (١٨/داهات) کە ئەویش تیشکی خرایە سەر، و تۆماری (٥-أ/داهات) کە گرنگییەکی زۆری بۆ پاراستنی مافە داراییەکانی حکومەت هەیە.

بۆ ئەم تۆمارە، لێکۆڵینەوەکە پرسیارێکی بۆ فەرمانبەران تەرخان کرد، کە دەڵێت: "ئەگەر لە تۆماری ٥أ/داهات، گۆڕانکاریی تێداکرا، یان کوژانەوە یان کڕاندن یان هەر دەستکاریکردنێکی نایاسایی تر، زیاتر بەهۆی کام لەو هۆکارانەوە دەبن؟"

ڕێژەی ٧٧.٣% دەڵێن بە هەڵە ئەمانە ڕوودەدەن، ١٠.٢% دەڵێن بەهۆی کەمتەرخەمی فەرمانبەرەوە دروست دەبێت، ٩.٤% دەڵێت بە مەبەست ئەنجام دەدرێت، ٣.١% دەڵێت بە گرنگ نەزانینی تۆمارەکەوە ڕوودەدات، وەک لە خشتەی ژمارە (٢٩) ڕوونکراوەتەوە.

بۆ ئەم کێشەیە، جارێکیتر، لێکۆڵینەوەکە لە ڕوانگەی قۆناغی خوێندنی فەرمانبەرانەوە تێڕوانینی بۆ دەکات لە ڕێگای وابەستەکردنی خشتەی ژمارە (٣١) بە ئاستی پسپۆڕی فەرمانبەرانەوە، وەک لە خشتەی ژمارە٣١(٣١) دەرکەوتووە.

دەبینین، ڕێژەی ٥٣.٨% لە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرەوژوور، دەڵێن ئەو کێشەیە سەرچاوەکەی کەمتەرخەمی فەرمانبەرەکانە، ٤٣.٤% دەڵێن هەڵەی فەرمانبەرە، و ٢٥% دەڵێن لەبەر ئەوەیە کە فەرمانبەر تۆمارەکە زۆر بە گرنگ نازانێت، بەلام ١٦.٧% لە فەرمانبەران دەڵێن بە مەبەست ئەمە دەکرێت.

دەربارەی هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم، ٧٥% لەو بڕوایەدان، کە کێشەکە بەهۆی گرنگ نەزانینی تۆمارەکەوەیە لەلایەن فەرمانبەرەکانەوە، ٢٨.٣% دەڵێن بە هۆی هەڵەوە

ڕوودەدات، ٢٥% دەڵێن بە مەبەست ئەوە دەکرێت بۆ بەرژەوەندی تایبەت، ٢٣.١% دەڵێن بەهۆی کەمتەرخەمیەوەیە.

بەڵام دواناوەندی و بەرەوخوار، وا کێشەکە لێکدەدەنەوە، ٥٨.٣% دەڵێن بە مەبەست دەکرێت، ٢٨.٣% بەهەڵە ئەنجامدەدرێت، ٢٣.١% کەمتەرخەمییە، و ٠% دەڵێن گرنگ نەزانینی تۆمارەکەیە.

بە پێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان ئەو تۆمارە زۆر گرنگە، چونکە تۆماری مافە داراییەکانی حکومەت بەرامبەر باجدەرانی خانوبەرە دەپارێزێت.

لەبەرئەوە بوونی ئەم تۆمارە بۆ هەردوولا حکومەت و باجدەر گرنگە، هەر ئەم گرنگییەشە وا دەکات، دەبێ هەموو بزاوتە داراییەکانی نێوان فەرمانگەکان و باجدەری خانوبەرە لێرە تۆماربن بۆ ئەوەی هیچ کێشە و دوودڵیەک لەو کارانەدا ڕوونەدات. لەبەرئەوە زۆر گرنگە فەرمانگەکان، فەرمانبەرەکانیان ڕابهێنن زۆر بە ووردی و ئەمانەت و پیشەییەوە گرنگی بەم تۆمارە بدەن، تەنانەت دەبێ بڕی پارەکان هەم بە ژمارە تۆمار بکرێت هەم بە نووسین و تەنانەت دەکرێت لەزگەی شەفافیش بەکاربێت بۆ مسۆگەرکردنی دەستکارینەکردنی بڕی باجی خەملێندراو یان پاکتاوکراو.

## پێنجەم: چاودێری سیاسەتی ئیدارەی ڕۆتین لەفەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان:[*]



نمونەی مامەڵەی هاوڵاتییەک لە بەڕێوەبەرێتی باج

لە چوارچێوەی ئەو بابەتەدا، لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات بەدواداچوون بۆ چاودێری سیاسەتی ڕۆتین لەو فەرمانگانەدا بکات، چونکە بەشێکی زۆری ئەو ڕۆتینە سەرچاوەکانی بۆ باش جێبەجێنەکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی باجی خانوبەرەیە لە هەرێم دەگەڕێتەوە.

لە ڕاستیدا فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، هەم لەگەڵ لق و بەشەکانی خۆیان لە ناوچەکانیان دابڕاون، هەم لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی تری حکومەتیش، بە ئاماژەی فەرمانبەرەکان خۆیان کە، بە ڕێژەی ٤٦.١% دەڵێن پەیوەندی ئەلکترۆنیمان نیە لەگەڵ لقەکانمان و ٥٣.٩% دەڵێن پەیوەندیمان هەیە، خشتەی ژمارە (٣٩). دیارە ئەگەر ئەو پەیوەندییەش هەبێت زۆر لاوازە و کاری ڕۆژانەی پێڕایی ناکرێت بۆیە ئەو ڕێژە زۆرە نکۆڵی لەو پەیوەندییە دەکەن.

لە سیمیناری هەولێردا دەربارەی باجی خانوبەرە، فەرمانبەرەکانی باجی خانوبەرە دووپاتیان کردەوە، سیستمەکەیان کە ڕۆژانە کاری پێدەکەن زۆر کلاسیکیە و بۆ ئەم گۆڕانکاریانەی ئێستا نابێت، دەسەڵاتی هاوچەرخکردنیشیان نیە، هەروەها ڕۆتین لە جومگەکانی مامەڵەکاندا زۆرە، بە تایبەتی کە زۆر جار کاری فەرمانگەکانی تریش دێتە لای ئێمە بۆ نامەی پشتگیری و ڕاستاندن و جەختکردنەوە، بۆ نموونە فەرمانگەی ئاو، کارەبا، خۆڵ و هتد. لەلایەکی ترەوە هیچ هەماهەنگی ئەلیکترۆنی لە نێوان فەرمانگەکانی باج و لقەکان و پارێزگاکان، یان لە نێوان ئێمە و فەرمانگەکانی تری حکومەتدا نیە.

هەر لێرەوە راپۆرتەکە پرسیارێکی تری بۆ باجدەران تەرخانکردووە، (پرسیاری ژمارە ٣) کە دەڵێت "ئایا پێت باشە باجی خانوبەرە بە ئینتەرنێت ڕێکبخرێت، هەر بەو شێوەیە مامەڵەکانت بۆ ئەنجامبدرێت؟"

ڕێژەی ٨٦.٢% پێیان باشە باجی خانوبەرە بە ئینتەرنێت ڕێکبخرێت، بە تایبەتی ئاگادارکردنەوەی ساڵانە لە بڕی باج بۆ ئەوەی توشی سزای دارایی نەبن و لە هەمان کاتیشدا تێچوون و کات و هیلاکیەکی زۆریش دەگەڕێندرێتەوە، خشتەی ژمارە (٦)، تەنها ١٣.٨% پێیان باش نیە ئەم کارە بە ئینتەرنێت ڕێکبخرێت، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە و ڕەنگە نەبوونی ئینتەرنێت لە بەرژەوەندییان بێت و وردەکاری ئینتەرنێت زیانیان پێ بگەیەنێت یاخود بە ئینتەرنێت نامۆن. خشتەی ژمارە (٣٧) زانیاری زیاتری دەربارەی رای باجدەران لەسەر ڕۆتین هەیە، هەروەها خشتەی ژمارە (١٧) زانیاری زیاتر لەسەر ڕۆتین لە ئاستی پارێزگاکان دەخاتە ڕوو.

بە ئامـــانجی زانینـــی ئاســـتی ڕۆتـــین لەو فەرمانگـــانەدا، کە کێشـــەکانی بە دڵنیـــاییەوە دەگوازرێتەوە بۆ باجەری خانوبەرە، ڕاپۆرتەکە بە پرسیارێک دەست بۆ ئەم زانیارییانە دەبات، کە پرسیاری ژمارە (١١) یە لە باجەرانی دەکات، کاتێک دەڵێت "تا چ ئاستێک لە مامەڵەکانتدا لە فەرمانگەکـانی بـاجی خـانوبەرە، ڕووبەڕووی ڕۆتـین دەبیـتەوە، کەم، مامناوەند، زۆر؟"

پشـکی شـێر بەر وەڵامـی زۆری و قورسـی ڕۆتـین، کەوتـووە، کە ڕێـژەکەی ٤٥.٤% دەنگەکانی لەخۆ گرتووە، و ٣٢.٢% دەڵێن ڕۆتین تیایاندا مامناوەندە و ٢٢.٤% دەڵێن ڕۆتین کەمە، خشتەی ژمارە (١٣).

لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانماندا لەگەڵ هـاوڵاتییەکی باجەر، ئەوەی دوپات کردەوە، کە: "بۆ پێدانی باجی خانوبەرە پێویستیم بە (١٠) هەنگاو هەیە لە فەرمانگەی باجدا، کە لانیکەم ٢-٣ ڕۆژ دەخایەنێت، ئێستاش فەرمانگەی ئاسایش و تاپۆیان زیادکردووە ئەوە لانـیکەم (٣) ڕۆژی تـری پێویســتە، ئەگەر زەویەکەم بـکەم بە بینـا، پێویسـتیم بە (١١) هەنگاوی ناو فەرمانگەی باجی خانوبەرە هەیە، کە لانیکەم ٤-٥ ڕۆژی دەوێت بێجگە لە فەرمانگەکانی تر، وەک ئاو و کارەبا و تاپۆ و شارەوانی و هتد، کە بەهەمووی ١-٢ مانگم پێویست دەبێت".

ئەگەر لەسـەر هەمـان میتۆد، لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە سـەیری ئاستی ڕۆتین بکەین، بەڵام لە ڕوانگەی فەرمانبەرەکانی خۆیانەوە، وەک لە خشـتەی پەیوەسـتی ژمـارە (٣٢) دا هاتووە، دەبینین، ڕێژەی ٣٧% ی فەرمانبەرەکان لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە

له پارێزگەی دهۆک دەڵێن ڕۆتین کەمە، ٤٤.٤% دەڵێن مامناوەندە، و ١٨.٥% دەڵێن قورسە.

بەڵام لە پارێزگای هەولێر، ٢٣.٥% دەڵێن کەمە، ٤٩% مامناوەندە، و ٢٧% دەڵێن زۆرە. لە پارێزگای سلێمانی ٢٢% دەڵێن کەمە، ٥٢% مامناوەندە، و ٢٦% دەڵێن زۆرە.

تێبینی دەکەین، هەردوولا باجدەران و فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، دان بە زۆری ڕۆتیندا دەنێن، ئەمەش دەخوازێ کە کێشەی ڕۆتین بیرێکی جدی لێبکرێتەوە و سنوورێک بۆ ئەو دیاردە نێگەتیڤە دابندرێت.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، لێکۆڵینەوەکە، تێستی کێشەی ڕۆتین لەو فەرمانگانەی باجی خانوبەرە دەکات، بە پرسیارێکی تر لە فەرمانبەرانی فەرمانگەی باجی خانوبەرە، "ئایا ڕاتان وایە بەستنەوەی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بە لقەکان و ناوخۆیانەوە، کارێکی پێویستە؟"

٧٨.٩% فەرمانبەران بۆ ئاسانکاری کارە کارگێڕییەکان بە پێویستی دەزانن، تەنها ڕێژەی ٢١.١% لە فەرمانبەرەکان پێیان باش نیە، ئەمەش ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە شارەزاییان لە بەکاهێنانی تەکنۆلۆجیادا نەبێت، بەڵام لەلاکەی ترەوە ئەو ڕێژە بەرزەش لە فەرمانبەران زۆر ئارەزووی گەشە بە فەرمانگەکان دەکەن و فراوانکردنی خزمەتگوزاریە پیشەییەکانیان بە باش دەزانن و چوستی کارەکانیان زیاد دەکات، وەک لە خشتەی ژمارە (٢٦) دەرکەوتووە.

هەروەها ٧٨.٩% لە فەرمانبەران حەزدەکەن فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بەیەکەوە ببیەسترێنەوە، خشتەی ژمارە (٢٣/پاشکۆ ٣). لەلایەکی ترەوە ٨٢.٩% لە فەرمانبەران

پێیـــان باشـــه فەرمانگەکـــانی بـــاجی خـــانوبەرە بە ئەلیکترۆنـــی بە هەمـــوو فەرمـــانگە پەیوەندیدارەکانی تری حکومەتەوە ببەسترێنەوە، خشتەی ژمارە (٣٧/پاشکۆی ٣).

## ئەنجامەکان

١.سەرخانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە ڕووی چۆنایەتی فەرمانبەرەکانی بەهێز و تۆکمەن، چ لە ڕووی ژمارەی فەرمانبەرەوە، چ لە ڕووی گروپی تەمەن، قۆناغەکانی خوێندن و بالانسی ڕەگەز و هتد، بەلام وەک پێویست بەگەڕنەخراون و سود لە تواناکانیان وەرنەگیراوە.

٢. بالانسی ڕەگەزی باجدەرانی خانوبەرە (بەشداری ژن ٢١.٧%) ڕێژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ حالەتی گەشەی ئابووری و کۆمەلایەتیی ژن لە کوردستاندا، هەرچەندە هیچ جیاکارییەکی یاسایی لەمەزەندەکردنی بڕی باجی خانوبەرە یان مامەڵەی هاندان و ئاسانکاری تر بۆ ژنان نەکراوە.

٣. ئیدارەی سیاسەتی هۆشمەندی باجی خانوبەرە، لە ئاستی پێویستدا نیە، چ لەسەر ئاستی فەرمانبەران چ لەسەر ئاستی باجدەری خانوبەرە، بە نیشانەی زۆری نارەزایەتییەکان و دەستکاریکردنی تۆمارە بنەڕەتیەکان و دووفاقی لە بیروبۆچوون و دیدی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە، بەتایبەتی لە کارە ستراتیژییە گرنگەکان لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی باجی خانوبەرە.

٤.ئیدارەدانی سیاسەتی کۆکردنەوەی باجی خانوبەرە لە کوردستاندا نەگونجاوە بەرامبەر ئاستی بەرزی تواناسازی فەرمانبەرەکانی، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە، ئەو سەرخانە باشە باش بەگەڕ نەخراوە.

٥. ڕاپۆرتەکە بۆ ئاستێکی بەرز دەستی لەسەر گرفتی ڕۆتینی کارگێڕی فەرمانگەکان داناوە لە ڕوانگەی هەردوو لای باجدەرەکان و فەرمانبەرەکانەوە، بەجۆرێک ئاستی

ناڕازیبوون و بێزاری کەڵەکە بووە، کە ڕەنگە ببێتە جێگای هەوڵدان بۆ خۆدزینەوە لە باجدان بە هەموو شێوازێکی یاسایی و نایاسایی.

٦. هەستکردنی باجدەرانی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان بە نادادپەروەری بڕی باجەکانی خانوبەرە، و بە ڕێژەیەکی بەرز (ڕێژەی ٧٦.٣%) خشتەی ژمارە (٩) و ڕێژەی کەڵەکەبووی ئاستی (مامناوەند و زۆر) کە دەگاتە ڕێژەی ٩٥.٤% وەک لە خشتەی (٧) دا هاتووە، پێویستە بەکەم نەزاندرێت، چونکە لە هەستکردن بە غەدر و نادادپەروەرییەوە سەرچاوەی گرتووە، و ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری.

٧. سیاسەتی باجی خانوبەرەی هەرێمی کوردستان، وادەردەکەوێت، هەموو تواناکانی لەسەر کۆکردنەوەی داهات لە باجدەر چڕکردۆتەوە، ئەگەر لەسەر حسابی توانا داراییەکانی باجدەری خانوبەرەش بێت، تەنانەت ئەگەر بە شێوازی نایاسایش بێت، وەک نەگەڕاندنەوەی شایستەی باجدەر لە تۆماری ڕەدیات، پاکتاوکردنی ڕێژەی ٥٠% پێشوەختەی باجی ساڵ بۆ ئەوەی مامەڵەکانی لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بۆ بەڕێ بکرێت، یان بتوانێ مامەڵەی ناڕازیبوونی لە بڕی باج پێشکەش بکات، یان ئاستی بەرزی بێهیوابوون لە دەرئەنجامی پێشکەشکردنی مامەڵەی ناڕازی بوون و هتد.

٨. ڕاپۆرتەکە، بە ڕوونی دەستی خستۆتە سەر گوێنەدان، کە بە ئاستێکی زۆر بەرز ڕاو گلەییەکانی باجدەرانی خانوبەرە پشتگوێ خراون، چ لە مەزەندەکردنی بڕی باج یان ناڕازیبوون (الاعتراض) یان کاتەکانی بەڕێکردنی مامەڵە بە هۆی زۆری ڕۆتینەوە، هەروەها زۆر بابەتی تری گرنگی کارگێڕی و دارایی و وردبینی و... هتد، کە وادەکەن

باجدەر هەست بكات ئەو فەرمانگانە نەهاتوون بۆ خزمەتكردنی ئەوان نە لە مامەڵەكانیان نە لە داهاتەكانی حكومەتدا، دواتریش وای كردووە، كە هەستكردن بە نامۆبوون جێگای نیشتیمانسازی بگرێتەوە، و ئەنجامدانی ئەرك دوور لە ڕازیبوون، جێگای ماف و شەفافیەت و لێپرسینەوە بگرێتەوە.

٩. ڕاپۆرتەكە بە وردی دەستی خستۆتە سەر گوێنەدان بە هەندێ لایەنی تۆمارە بنەڕەتیەكان و وردبینیكردنی پێویست تیایاندا وەك تۆماری (٥أ/داهات) و فۆرمی (١٨/داهات) بە تایبەتی، كە دەبنە هۆی بە هەدەردانی دارایی و بودجەی گشتی و داهاتی باجی خانوبەرە.

١٠. كۆنیی یاسای باجی خانوبەرە و هەمواركردنی بۆ نزیكەی (٢٧) جار و نەگونجاوی بۆ ئێستای كوردستان، هۆكارێكی گرنگە بۆ سەر لێشێواندنی فەرمانبەر و باجدەر، بە تایبەتی لە ١٩٥٩ وە زۆر فاكتەری بنەڕەتی یاساكە گۆڕاوە، وەك، ژمارەی باجدەری خانوبەرە، فراوانبوونی وەزیفەی عەقار و خانوو و هتد.

١١. پێدانی پێشوەختەی باجی خانوبەرە بەڕێژەی ٥٠% وەك لە یاساكەدا هاتووە نەگونجاوە چ لە ڕووی یاساییەوە چ لە ڕووی زەمەنەوە، چونكە ڕەنگە داهاتی خانوبەرەكە كە پێشوەختە پاكتاوكراوە گۆڕانكاری بەسەردا بێت و مافی باجدەر قەرەبوو ناكرێتەوە، بەتایبەتی كە ئێستا تۆماری ڕەدیات ڕاناگیرێت و ڕەتكراوەتەوە.

١٢. نەبوونی شەفافیەت لە كۆی داهات و خەرجیی باجی خانوبەردا بە تایبەتی بواری خەرجنەكردنەكەی، بۆ نموونە بۆ گەشەی خزمەتگوزاری لە ناوچەكاندا وەك قیر و خاشاك و كارەبا و ئاو و..هتد.

١٣. کۆنەکردنەوەی کۆی سیستمی باج بە تایبەتی باجی خانوبەرە لە یەک (دەزگای سەربەخۆدا)، چونکە ئێستا ئەم باجە توێژێکی گەورە و فراوان لەخۆ دەگرێت ئەمەش وایکردووە لە کاتی پێویستدا بڕیاری پێویست بۆ کێشەکانی نەدرێت، دەرئەنجام کۆی سیستمەکە لە قەیرانی بەردەوامدا پێکوتە (مراوحە) دەکات.

١٤. دەسەڵاتەکانی بڕیار دروستکەر لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە زۆر کەمە، دەرئەنجام بۆتە هۆی لاوازکردنی پێگەی بڕیار دروستکەر لەو فەرمانگانەدا بۆ چارەسەری کێشە هەنوکەیی و ڕۆژانەکان.

١٥. یاساکە بە زیادکردنی ئەرکی تەواوکاری مامەڵەکانی فەرماگەکانی تری حکومەتی هەرێم، قەرەبالغیەکی زۆری بۆ ئەم فەرمانگانە دروستکردووە کە، بۆتە زیادکردنی کات و هیلاکی زیاتر بۆ باجدەری خانوبەرە.

١٦. لە ساڵانی داهاتوودا فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بە جۆرێک کە تەمەنی فەرمانبەرانی بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت، چونکە ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە فەرمانبەری تازەی بۆ نەهاتووە، کە ئەمانیش پێویستیان بە فێربوون ڕاهێنان هەیە، ئەمە لە داهاتودا دەبێتە گرفت بۆ قوڵبونەوەی قەیرانەکانی ئێستای ئەو فەرمانگانە.

١٧. گرنگینەدانی پەرلەمانتارانی لیژنەی دارایی و ئابووری، هەروەها هەندێک لە بڕیاردروستکەران باجی خانوبەرە بە بابەتی باجی خانوبەرە، بەو پێیەی بۆ ۆرکشۆپەکانی تایبەت بە باجی خانوبەرە لە هیچ لە پارێزگاکانی کوردستان ئامادە نەبوون سەرەڕای بانگێشتی فەرمی و پەیوەندیی تەلەفۆنی و بیرهێنانەوەیان لە کات و شوێنی ۆرکشۆپەکان، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە دوو ئەندام پەرلەمانی لیژنەی سامانە

سروشتیەکان ئامادەبوون. هەروەها (بەڕێوەبەری فەرمانگەی باجی خانوبەرەی-١) لە ۆرکشۆپەکانی سلێمانی ئامادە نەبوو.

١٨. ونبوونی کرۆکی هاووڵاتیبوونی باجدەر لە کۆی پرۆسێسی سیستمی باجی خانوبەرەدا، بەو ئاڕاستەیەی هەمیشە فەرمانبەر بە تایبەتی (لیژنەکان) خۆیان بە خاوەن ماف و لێزان و قسە ڕۆشتوتر دەزانن لە باجدەران. ئەمەش لە کۆی پرۆسێسی جێبەجێکردنی یاساکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەشێوەیەک وەک دواندنی (مخاطبة) یەکتری بە دوو ئاستی جیاوازی بەرز و نزم، دەرئەنجام پەراوێزخستنی باجدەران و بەناوەندبوونی کارمەندی دروستکردووە لە سیستمەکەدا. بەشێکی زۆری کێشەکانی سیستمەکە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

١٩. فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بە گشتی کێشەی بینای شیاویان هەیە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە کە بتواندرێت پەیڕەوی یەک پەنجەرە و سیستمی بانکی پەیڕەو بکات.

٢٠. لاوازی ئاستی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە چ لەسەر ئاستی ستونی یاخود ئاستی ئاسۆیی بێت.

## ڕاسپاردەکان

١. لە بەرژەوەندیی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرەیە، کە گرنگی بدەن بە ڕاهێنانی پیشەیی فەرمانبەرەکان بۆ کەمکردنەوەی دەلاقەی نێوان سیاسەتی باجی خانوبەرە و ناڕازیبوونی باجدەر. ئەمەیش دەخوازێت دەسەڵاتەکانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە فراوانتر بکرێت.

٢. ڕاپۆرتەکە، پێشنیار دەکات، جۆرێک لە پشتگیری بۆ ژنان تەرخان بکرێت بۆ زیاتر هاندانیان بۆ بەشداربوون لە چالاکی خانوبەرە و بەهێزکردنی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان. ئەمەیش دەخوازێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی ژنان بە هاوکاری فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، بۆ ئەوە مەبەستە نوسراو بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرز بکەنەوە.

٣. لێکۆڵینەوەکە وای دەبینێ کە بەرزکردنەوەی هۆشمەندیی لە باجی خانوبەرە لای فەرمانبەرەکان و باجدەری خانوبەرە لە کارە گرنگ و ستراتیژە لە پێشینەییەکانی ئەو فەرمانگانە بن، ئەمەش لە ڕێگای خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ، خولی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیاری و هتد، بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ باجدەر و ئەنجامدانی کارە پیشەیی و کارگێری و ژمێریاری و ووردبینی بە شێوازێکی کارامەتر، بە تایبەتی، کە ئەو فەرمانگانە سەرخانێکی جۆرایەتی بەرزی تەمەن و قوناغی خوێندەواری و هتد بەرزی هەیە. ئەمەیش دەخوازێت دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە زیاد بکرێت، بە فەرمانی ڕەسمی ئەو لێپرسراوێتییە لە مەودای کورت و مامناوەندییدا بخرێتە ئەستۆیان، بەڵام بۆ مەودای درێژخایەن، دەخوازێت کۆی

فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە دەستەیەکی تایبەت بە خۆیان کۆبکرێنەوە و خاوەن دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی پێویست بە خۆیان بن.

٤. کەمکردنەوی ئاستی بەرزی ڕۆتین لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرەی هەرێمی کوردستان، کارێکی هەنوکەیی و ستراتیژی و گرنگە، چونکە بۆتە سەرچاوەی بەهەدەردانی کات و ماندوبوون و تێچوون بۆ هەردوولای هاوکێشەکە، فەرمانبەران و باجدەران، سەرەڕای لەکەدارکردنی متمانە و بڕوا و ڕاستگۆیی نێوانیان. لەبەرئەوە بەستنەوەی ئەلیکترۆنی فەرمانگەکان لە ناوخۆیان و لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی تری حکومەت کارێکی زۆر پێویست و هەنوکەییە، بەتایبەتی کە ئەو فەرمانگانە کادیری شیاوی بۆ دروستکردنی ئەم فەرمانگە ئەلیکترۆنیە هەیە، کە پەیڕەوکردنی ئەم سیستمە بەتەواوی فەرمانگەکان و باجدەران ڕزگار دەکات، لە شێوازی کۆن و کلاسیکی لە تەبلیغکردن و سزا و دواکەوتن و نەبوونی شەفافیەت و مەزەندەکردنی بڕی باج و هتد. ئەمەیش دەخوازێت دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی بۆ ئەم فەرمانگانە زیاد بکرێت، نەک هەر بۆ ئەم مەبەستە بەڵکو بۆ بەستنەوەی هەموو باجدەران بە سیستمێکی ئەلکترۆنی، کە بە ئاسانی زانیارییان لەگەڵ ئاڵوگۆڕ بکرێت و ئاستەکەی فراوان بکرێت، کە فەرمانگە و باجدەر لە کێشەی بێبڕوایی رزگار بکەن و هەموو موڵکەکانی باجدەر تۆمار بکرێن و لەسەر ئەو بناغەیە مامەڵە لەگەڵ باجدەر بکرێت.

٥. زۆر لە بەرژەوەندی فەرمانگەکانە، کە بتوانن متمانە و ڕاستگۆیی و دڵنیایبوون بگێڕنەوە بۆ باجدەرانی خانوبەرە و بنەبڕکردنی هەستی بە نامۆبوون لەبەردەم ئەو فەرمانگانەدا بۆ ڕایکردنی مامەڵەکانیان، دەکرێت ئەمەش بە کردنەوەی خولی تایبەت

ئەنجامبدرێت، کە چۆن فەرمانبەر مامەڵە لەگەڵ باجدەر و هاووڵاتیدا بکات، هەر وەک چۆن کەرتی تایبەت دەیکات، چونکە لە کۆتاییدا بڕیاردەرەکان نەنگی ئەم کەموکوڕییەی فەرمانبەر لە ئەستۆ دەگرن. بەواتایەکی تر، گێڕانەوەی دبلۆماسیەت و گفتوگۆ بۆ بە ناوەندکردنی هاوڵاتی لە سیستمی باجداندا نەک پەراوێزخستنی وەک لە هەموو جومگەکانی سیستمی باجدا تێبینی دەکرێت. ئەمەیش دەخوازێت، بێجگە لەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراون، وەک دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی بۆ ئەو فەرمانگانە، دەخوازێت حکومەتی ئەلکترۆنی کارا بکرێت، وەک مەزندە دەکرێت کارەکە تا کۆتایی ٢٠٢٣ تەواو بکرێت.

٦. گرنگی دان بە سیاسەتی ناڕازیبوون (الاعتراض)، کە کرۆکی نەهێشتنی متمانەی نێوان باجدەر و فەرمانگەی باجە، ئەمەش تەنها بە کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و گرنگیدان بە ڕای باجدەر و شەفافیەت لە مەزەندەکردنی بڕی باجە لەسەر موڵکەکان و کەمکردنەوەی هەنگاوەکانی پرۆسیجەرەکەیە. ئەمەیش دەخوازێت باجدەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بکرێت بە ناوەند نەک فەرمانبەر ناوەند بێت، چونکە بنچینەکە ئەوەیە، کە فەرمانگە و فەرمانبەران بۆ خزمەتی باجدەران دامەزراون و داهات لە باجدەر کۆدەکەنەوە، نەک باجدەر وەک تاوانبار و بەچاوی گومانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەمەیش هەم خولی ڕاهێنانی کارگێڕی پێویستە و هەم زیادکردنی چاودێری بەسەر بەشەکانی فەرمانگەکانەوە، سەرەڕای هەڵسەنگاندنی ساڵانەی فەرمانگە و بەڕێوەبەر لەسەر ئەو بناغەیە.

٧. گرنگیدان بە تۆمارەکان بەتایبەتی (٥ أ/داهات) و (ڕەدیات) و فۆرمی (١٨/داهات) کە، پارێزگاری لە پێگەی فەرمانگەی باجی خانوبەرە دەکات، وەک متمانە و دادوەری نێوان ململانێی بەرژەوەندیەکانی نێوان حکومەت و باجدەر، دەکرێت پەیڕەوکردنی سیاسەتی گفتوگۆ و دبلۆماسیەت و شەفافیەت باری گرژیی و ئاڵۆزی نێوان باجدەر و فەرمانگە خاوبکاتەوە و مامەڵەی هاولاتیبوون جێگایان بگرێتەوە. ئەمەیش دەکرێت بەرەو رووی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە بکرێتەوە، چ بە زیادکردنی دەسەلاتی دارایی و کارگێڕی، چ بە زیادکردنی لێپرسینەوە و بەدواداچوونی وردتر لەو فەرمانگانەدا.

٨. خاڵی وەرچەرخان لە سیستمی باج کاتێک درووست دەبێت، کە حکومەت بە شەفافی ساڵانە بودجە بنێرێت بۆ پەرلەمان و پێگەکانی خزمەتگوزاریش لە بودجەدا دیاریبکرێت، لێرەوە پێگەی حکومەت و متمانەی بۆ ئاستێک دەگەڕێتەوە و هاولاتی هیوای بە دامەزراوە و سەروەری یاسا دروستدەبێتەوە، ئەمەش بناغەی تۆکمەی حکومەتی ڕەشیدە، لێرەشەوە باجەکان بۆ ئاستێکی باش دۆستایەتی باجدەری بۆ دروست دەبێت هەر وەک دەوڵەتانی ئەوروپا، کە باجدان بە پایەیەکی نیشتیمانسازی سەیر دەکەن. ئەم خاڵە دەخوازێت حکومەت و وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری و پلاندان ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ، چونکە هیچ پاساوێکی یاسایی و کارگێڕی و دارایی نییە بۆ دواخستنی ئامادەکردنی بودجەی گشتیی ساڵانە و رەوانەکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان.

٩. زۆر گرنگە حکومەت پەیکەری کارگێڕی بۆ باج بەگشتی و باجی خانوبەرە بە تایبەتی بکاتەوە و ئەو سیستمە بکاتەوە بە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ، ئەم گۆڕانکارییە کارگێڕییە تێچوونی زیادە لەسەر حکومەت دروست ناکات، بەڵام بەرامبەر ئەوە کێشە و

قەیرانە قوول و کەڵەکەبووەکانی سیستەمەکە چارەسەر دەکات، بەتایبەتی ئالیەتی بڕیاردروستکردن و جێبەجێکردن و بەدواداچوون و کورتکردنەوەی ڕێگا کارگێڕییەکان، ئەم سیستەمەی ئێستا بۆ کاتێک بووە دانیشتووانی عێراق (٦-٧ ملیۆن) کەس زیاتر نەبووە و خانوبەرە زۆر سنووردارتر بووە، ئەمەش دەخوازێت وەزارەتی ئابوری و دارایی حکومەتی هەرێم ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت و ئەم سیستەمە جیابکاتەوە و بڕیارەکان بە ڕاستەخۆ بداتەوە دەست خۆیان.

١٠. نزمی ئاستی دەستەڵاتی بڕیاربەدەستی سیستمی باجی خانوبەرە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی ڕایکردنی کارەکانی باجی خانوبەرە چ لە ڕووی چەندایەتیەوە یاخود لە ڕووی چۆنایەتیەوە. ئەم کێشەیە بۆ ئاستێکە بڕیاربەدەستی سیستەمەکەی لاوازکردووە لەبەردەم بەداوداچوون و لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتیدا، چونکە ئەنجامدانی کار بە کواڵیتی باش لە کات و شوێنی خۆیدا پێویستی بە سیستمی هاندانی زیرەک هەیە بۆ جیاکردنەوەی کارمەندی باش و چاککردنی کادری پێنەگەشتوو. ئەم ئەرکەش تەنها لە دەستەڵاتەکانی وەزارەتی ئابوری و داراییدایە کە دەتوانی دەستەڵاتەکانی خوارەوە فراوانتر بکات کە، بتوانن بە ئاسانی کارەکانیان ڕاپەڕێنن.

١١. فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە چ لە ڕووی چەندایەتیەوە چ لە ڕووی چۆنایەتیەوە پێویستیان بە بینای شیاو هەیە، کە بتواندرێت قەرەباڵغی ناو فەرمانگە دابەشبکات و ڕۆتین کەمبکاتەوە، چونکە سیستمی بینا و دابەشکردنی بەشەکانی بیناکە بەسەر وەزیفەکانی باجداندا، هاوکار دەبێت بۆ باش تەوزیفکردنی توانای فەرمانبەرەکان بە گشتی و کەمکردنەوەی ڕۆتین بە تایبەتی. ئەمەیش دەخوازێت حکومەت و وەزارەتی

دارایی و فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، ئەم کەیسە بخنە ناو بودجەی گشتییەوە یاخود بەرنامەکانی حکومەتەوە.

١٢. هەموارکردنەوەی یاسای باجی خانوبەرە کە تەمەنی دەگاتە (٦٣) ساڵ لە وڵاتێکی تازە گەشەکردوودا، کە گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تێیدا خێراتر ڕوودەدات، ئەمەش دەخوازێ یاسا و ڕێنماییەکان لەگەڵ سروشتی ئەو گۆڕانکاریانەدا هەمیشە گونجاوبن. ئەمەیش دەخوازێ فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە ڕەشنوسی ئەم بابەتە بۆ وەزارەتی دارایی بەرز بکەنەوە، لەوێشەوە کاری پێویستی بۆ بکرێت و بۆ ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان بەرز بکرێتەوە.

١٣. یاسای باجی خانوبەرە پێویستی بە هەموارکردن هەیە لەو بەشەی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە ناچار دەکات بە تەبەعیە ئەرکەکانی فەرمانگەکانی تری حکومەت وەک کێشەی فەرمانگەی ئاو و کارەبا و تۆماری خانوبەرە و..هتد لەخۆ بگرێت، بە تایبەتی ئێستا فەرمانگەی باج چەند فراوانبێت ناتوانێ ئەو قورساییە گەورەیە لەخۆ بگرێت. ئەم بەشەی یاساکە بۆ کاتێک بووە شارەکان گەورە نەبوون و دانیشتوان زۆر نەبوون. ئەم بابەتە لە یاسای ١٩٥٩/٦٢ هاتووە، ئەوکات فەرمانگەکانی باج و باجدەر و شارەکان زۆر بچوک بوون، بەڵام ئێستا ئەمانە گۆڕاون و بوون بە بارگرانییەکی زۆر بۆ ئەو فەرمانگانە و باجدەران، لەبەر ئەوە گرنگە لە هەموارکردنەوەی یاساکە، ئەو پرسەش چارسەر بکرێت.

١٤. پێویستە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، پێشبینی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو بکەن، لە ڕووی ژمارەی فەرمانگەی تازە دامەزراو و دامەزراندنی فەرمانبەر

نوێ، بۆ ئەوەی تووشی قەیرانی فەرمانبەری شارەزاو گونجاو نەبێت لە داهاتوودا چ لە ڕووی تەمەنەوە چ لە ڕووی کواڵیتیەوە، بۆ پڕکردنەوەی دەلاقەی نێوان خانەنشینبوون و فەرمانبەری تازەی خاوەن کواڵیتی. لەم روانگەوە، دەکرێت فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە پێشنیار بەرزبکەنەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران، بۆ پێدانی دەسەڵاتی کردنەوەی دامەزراندن بەپێی پێویستییە چەندی و چۆنایەتییەکانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە.

١٥. زۆر گرنگە ئەندام پەرلەمان و بڕیاردروستکەرەکان، خولی ڕاهێنان ببینن بە پێی تایبەتمەندێتی لیژنەکانی پەرلەمان و کاری بڕیاردروستکەران بۆ ئەوەی هۆشمەندی پیشەییان تێدا دروستبکرێت، کە توانای پێویستیان هەبێت و بتوانن تێکەڵاوی سیستمی زانیاری وەرگرتن و زانیاریدان ببن، بەتایبەتی کارەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، چونکە کارەکانی ئەم ڕێکخراوانە ئەو کەلەبەرانە پڕ دەکەنەوە، کە لە نێوان حکومەت و خەڵکدا هەیە و بۆ پڕکردنەوەیان دەستی حکومەت نایانگاتێ، بەتایبەتی لە بوارەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوریيدا. ئەمەش دەخوازێت حکومەت و پەرلەمان گشتاندن لەو ڕووەوە دەربکەن بۆ جومگەکانی تایبەتمەند بۆ جێبەجێکردن یاخود بەکارهێنانی سیستمی هاندانی تایبەت بەو بوارە کە جۆرێک لە پابەندیان بۆ دروست بکات بەشداری ئەو چالاکیانە بکەن.

١٦. گێڕانەوەی هاوڵاتی بۆ ناوەندی سیستم (بە ناوەندکردنی هاوڵاتی) نەک هەر لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە، بەڵکو لە هەموو فەرمانگەکاندا، چونکە لە بنچینەدا فەرمانگە بۆ خزمەتی هاوڵاتیانە لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە لە هەر سێ دەستەڵاتەکەدا. ئێستا ئەم

خاڵە لە سیستمی کوردستاندا پێچەوانە بۆتەوە بۆیە نامۆبوون جێگای نیشتیمانسازی گرتۆتەوە. ئەمەش دەکرێت لە ڕێگای خولی ڕاهێنانەوە بۆ کارمەندەکانی فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە ئەنجام بدرێت کەتیایدا فەرمانبەر فێربکرێت چۆن مامەڵەی شیاو لەگەڵ باجدەر (یان هاونیشتیمانیدا) دەکات، هەروەها پێوەری هەڵسەنگاندن بۆ فەرمانبەر و بڕیاربەدەستی ئەو فەرمانگانە دیاریبکرێت کە لەسەر ئاستی ڕەزامەندی هاوڵاتیان پێگەی کارگێڕی و شایستەی دارایی و هاندانی بۆ دەستنیشان بکرێت.

# پاشكۆكان

## پاشکۆی (١)

## فۆرمی تایبەت بە فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە

بە هاوکاری حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی هەردوو ڕێکخراوی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان (PAY) و پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی (NDI)ی ئەمەریکی، بە ئامانجی پەیڕەوی کردنی سیستمێکی دادپەروەرانە و کەمکردنەوەی ڕۆتین و بەجێگەیاندنی داخوازیەکانی هاوولاتیان ئەم ڕاپرسییە لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، هاوکاریتان لەو سۆنگەیەوە بەرز دەنرخێنین.

### داتا بنەڕەتییەکان :

ڕەگەز : نێر ☐ مێ ☐

تەمەن بە سال : (٢٠ - ٣٤) ☐ (٣٥ - ٤٩) ☐ (٥٠) بەرەوژوور ☐

سالانی خزمەت : خوار (٥) سال ☐ (٥ - ١٠) ☐ (١١) سال و بەرەوژوور ☐

بڕوانامە: ئامادەیی و بەرەوخوار ☐ دبلۆم ☐ بەکالۆریوس و بەرەوژوور ☐

| ز | پرسیارەکان | بەلێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پ ١ | ئایا قەرزدارەکان، بە تایبەتی قەرزە کەلەکەبووەکان، سالانە (اخطار دفع) یان بۆدەنێردرێت؟ | | |
| پ٢ | ئایا ئەگەر بەدەنگ (اخطار دفع)ەکەوە نەهاتن، هیچ ئیجرائاتی یاساییان لەگەلدا دەکرێت، بێجگە لە فائیدەی دواکەوتن؟ | | |
| پ٣ | ئایا هیچ حسابێک هەیە بەناوی (الردیات)، کە بە ئەمانەت هەلگیریت وەک مافی باجدەر، ئەگەر لە حساباتی باجدا، بە هەرچ هۆیەکەوە بێت، پارەی زیادیان لێوەرگیرابێت؟ | | |
| پ٤ | ئایا لە خەملاندنی گشتی (٥) سالە، فۆرمی واردات/١٨ دەدرێت بە خاوەن مولک؟ | | |
| پ٥ | ئایا زەوی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانوبەرە، پاش وەرگرتنی مۆلەت، باجی زەویان لێوەردەگیرێت؟ | | |
| پ٦ | ئایا زەوی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانوبەرە، پاش وەرگرتنی مۆلەت، باجی زەویان لێوەردەگیرێت؟ | | |
| پ٧ | ئایا بەستنەوەی فەرمانگەی باجی خانوبەرە بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە بە فەرمانگەکانی تری حکومەتەوە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین، بە پێویست دەزانن؟ | | |
| پ ٨ | ئایا هەموو کوردستان بە هەمان یاسا و ڕێنمایی کارەکانی باجی زەوی و خانوبەرە ڕایی دەکەن؟ | | |
| پ ٩ | ئایا فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە هەموو کوردستاندا هەمان پەیکەری کارگێڕیان هەیە؟ | | |

| زۆر | مام ناوەند | کەم | | ز |
|---|---|---|---|---|
| | | | ئایا ژمارەی کارمەند، لە فەرمانگەی باجی خانوبەرەدا، کە کاری هاوولاتیان رۆژانە ڕایی دەکەن لە کام ئاستدان؟ | پ ١٠ |
| | | | ئاستی ڕۆتین لەناو فەرمانگە، کە هاوولاتیان بێزار بکەن لە مامەڵەکانیان چۆن دەبینی؟ | پ١١ |
| | | | ئایا کارمەندی شارەزا، لە فەرمانگەی باجی خانوبەرەدا، کە ڕۆژانە کاری هاوولاتیان، ڕایی دەکەن، لە کام ئاستدان: | پ١٢ |

پ ١٣ : ئایا تۆماری داهاتی (٥ أ)، کە کوژاندنەوە و گۆڕین و دەستکاری تیا دەکریت زیاتر بە کام لەو هۆیانەوەیە ؟

بەهەڵە ☐ بە مەبەست ☐ کەمتەرخەمی ☐ بەگرنگی نەزانین ☐

## پاشکۆی (٢)

## فۆرمی راپرسی تایبەت هاوڵاتیان

بە هاوکاری حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی هەردوو رێکخراوی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان (PAY) و پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی (NDI)ی ئەمەریکی، بە ئامانجی پەیرەوی کردنی سیستمێکی دادپەروەرانە و کەمکردنەوەی رۆتین و بەجێگەیاندنی داخوازیەکانی هاووڵاتیان ئەم راپرسییە لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، هاوکاریتان لەو سۆنگەیەوە بەرز دەنرخێنین.

داتا بنەڕەتییەکان :

رەگەز : نێر ☐ مێ ☐

تەمەن بە ساڵ : (٢٠ – ٣٤) ☐ (٣٥ – ٤٩) ☐ (٥٠) بەرەوژوور ☐

بڕوانامە: ئامادەیی و بەرەوخوار ☐ دبلۆم ☐ بەکالۆریوس و بەرەوژوور ☐

| ز | پرسیارەکان | بەڵی | نەخێر |
|---|---|---|---|
| پ١ | ئایا بە ئامادەیی خۆت باج لەسەر موڵکەکەت دادەندرێت؟ | | |
| پ٢ | ئایا ساڵانە لە بڕی باجی موڵکەکەت بە فەرمی ئاگادار دەکرێیتەوە؟ | | |
| پ٣ | پێت باشە کارەکەکانی باجی خانوبەرە بە ئینتەرنیت رێکبخرێت و مامەڵەکانت لەو رێگەیەوە ئەنجامبدەیت؟ | | |

| ز | پرسیارەکان | کەم | مامناوەند | زۆر |
|---|---|---|---|---|
| پ٤ | ئایا بڕی باجی موڵکەکەت زیاتر بە کامیان هەڵدەسەنگێنیت؟ | | | |
| پ٥ | تا چەند هۆشمەندیت هەیە لەسەر یاسا و رێنماییەکانی باجی خانوبەرە؟ | | | |
| پ٦ | پەیوەندی ئەلکترۆنی لەنێوان فەرمانگەکانی خانوبەرە و فەرمانگەکانی تری حکومەتدا بە گرنگ دەزانیت؟ | | | |

پ ٧: ئایا ڕۆتین لە ڕایکردنی مامەڵەی موڵکەکەت لە فەرمانگەی باجی خانوبەرە دەبینیت؟

نەخێر ☐ بەڵێ ☐

پ٨: ئەگەر وەڵامەکەی سەرەوەت بە نەخێر بوو، زیاتر بە هۆی کام لەو هۆکارانەوەیە؟

ا-ئاگاداری بڕی باجەکەم نیم ☐

ب-بە هەڕەمەکی مەزەندە دەکرێت ☐

ج-کارمەندی نەشارەزا مەزەندەی دەکەن ☐

د-پەلە دەکرێت لە مەزەندەکردن بۆ بەرژەوەندی کارمەندەکانی لیژنەی خەملاندن ☐

پ ٩ : هیچ ئۆمیدت هەیە بە ئیعتیرازگرتن لە بڕی باج بۆ کەمکردنەوەی بڕی باجەکەت؟

نەخێر ☐ بەڵێ ☐

پ ١٠ : ئەگەر وەڵامی سەرەوە بە نەخێر بوو، زیاتر بەهۆی کام لەو هۆکارانەوەیە؟

ا- بەهۆی قەرەباڵغی هەموو مانگی (١) پاش مەزەندەکردنی باجی گشتی (٥) ساڵە ☐

ب- ئیعترازەکەم هیچ لە باجەکە کەمناکاتەوە ☐

ج- قەرەباڵغی زۆرە بۆ لێکتێگەشتن لە مامەڵەی ئیعترازگرتن ☐

د- دەبێ ٥٠% بڕی باجی ئەو ساڵە بدەم ئینجا مامەڵەی ئیعترازم لێوەردەگرن، کە مسۆگەریش نیە دادپەروەرانە وەڵام وەرگرمەوە ☐

پ ١١ : ئایا تا چەندڕۆتین لە ڕایکردنی مامەڵەی موڵکەکەت لە فەرمانگەی باجی خانوبەرە دەبینیت؟

ئاسانە ☐ مامناوەندە ☐ قورسە ☐

## پاشكۆی (٣)
## خشته و فیگەرەكان

خشتەی (١)

دابەشبوونی باجدەری خانوبەرە بە پێی ڕەگەز

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 119 | 78.3 |
| مێ | 33 | 21.7 |
| سەرجەم | 152 | 100.0 |




شێوەی (١)

ڕەگەزی باجدەری خانوبەرە

خشتەی (٢)

تەمەنی باجدەرانی خانوبەرە بە ساڵ

| تەمەن | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ( 20 – 34) | 47 | 30.9 |
| ( 35 – 49 ) | 62 | 40.8 |
| ٥٠ ساڵ بەرەوژوور | 43 | 28.3 |
| سەرجەم | 152 | 100.0 |




شێوەی (٢)

تەمەنی باجدەرانی خانوبەرە

خشتەی (٣)

بڕوانامەی باجدەرانی خانوبەرە

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | بڕوانامە |
|---|---|---|
| 52.0 | 79 | ئامادەیی و بەرەوخوار |
| 16.4 | 25 | دبلۆم |
| 31.6 | 48 | بەکالۆریۆس و بەرەوژوور |
| 100.0 | 152 | سەرجەم |




شێوەی (٣)

بڕوانامەی باجدەرانی خانوبەرە

## خشتەی (٤)

پ١ : ئایا بە ئامادەیی خۆت باج لەسەر ملّکەکەت دادەنرێت؟

| وەلامەکان | دووبارە بوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 49 | 32.2 |
| نەخێر | 103 | 67.8 |
| سەرجەم | 152 | 100.0 |




## شێوەی (٤)

دانانی باج لەسەر موڵکی باجدەرانی خانوبەرە بە ئامادەبوونی خۆی

خشتەی (٥)

پ ٢ : ئایا ساڵانە لە بڕی باجی ملکەکەت بە فەرمی ئاگادار دەکرێیتەوە؟

| وەڵامەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 38 | 25.0 |
| نەخێر | 114 | 75.0 |
| سەرجەم | 152 | 100.0 |




شێوەی (٥)

بە فەرمی ئاگادارکردنەوەی باجدەر ساڵانە لە بڕی باجی ملکەکەی

خشتەی (٦)

پ٣ : ئایا پێت باشە کارەکانی باجی خانوبەرە بە ئینتەرنێت ڕێکبخرێت و مامەڵەکانت لەم ڕێگەیەوە ئەنجام بدەیت؟

| وەڵامەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 131 | 86.2 |
| نەخێر | 21 | 13.8 |
| سەرجەم | 152 | 100.0 |




شێوەی (٦)

ڕێکخستنی کارەکانی باجی خانوبەرە بە ئینتەرنێت و رایی کردنی مامەڵەکان

خشتەی (٧)

پ٤ : چۆن بڕی باجی سەر مڵکەکەت هەڵدەسەنگێنیت؟

| وەڵامەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەم | 7 | 4.6 |
| مامناوەند | 42 | 27.6 |
| زۆر | 103 | 67.8 |
| سەرجەم | 152 | 100.0 |




شێوەی (٧)

هەڵسەنگاندنی بڕی باجی سەر مڵکی باجدەر

خشتەی ژمارە (٨)

پ٥: تا چەند هۆشمەندیت هەیە لەسەر یاسا و ڕێنمایی باجی خانوبەرە؟

| وەڵامەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەم | 87 | 57.2 |
| مامناوەند | 39 | 25.7 |
| زۆر | 26 | 17.1 |
| سەرجەم | 152 | 100.0 |




شێوەی (٨)

هەبوونی هۆشمەندی لەسەر یاسا و ڕێنمایی باجی خانوبەرە

خشتەی ژمارە (٩)

پ ٧ : هەست دەکەیت بڕی باجی سەر ملّکەکت دادپەروەرانەیە؟

| وەلامەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 36 | 23.7 |
| نەخێر | 116 | 76.3 |
| سەرجەم | 152 | 100.0 |




شێوەی (٩)

بوونی دادپەروەری بڕی باج لەسەر ملّکی باجدەر

خشتەی ژمارە (١٠)

پ ٨: ئەگەر وەڵامی پرسیاری ٧ بە نێگەتیڤ بوو، بە ڕای تۆ کام هۆکار زیاتر کاریگەرتر بووە؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | وەڵامەکان |
|---|---|---|
| 10.5 | 16 | هیچ شتێک دەربارەی بڕی باجەکەم نازانم |
| 42.8 | 65 | هەر بە هەڕەمەکی مەزندە دەکرێت |
| 9.9 | 15 | لەلایەن فەرمانبەری نەشارەزا لە بواری مەزەندەکردنی باجدا دادەندرێت |
| 13.2 | 20 | بە پەلە بڕیاری لێدەدرێت بە ئامانجی بەڕێکردنی زۆرترین مامەڵە لە ڕۆژەکەدا |
| 76.3 | 116 | سەرجەم |
| 23.7 | 36 | سیستەمی ونبوو |
| 100.0 | 152 | سەرجەم |




شێوەی (١٠)

هۆکارەکانی ناداپەوەری بوونی بڕی باجی باجدەر لە سەر مڵکەکەی

خشتەی ژمارە (١١)

پ ٩: ئایا هیچ ئومێدت هەیە بە پێشکەشکردنی نارەزایەتی لە بڕی باجی سەر ملکەکەت؟

| وەڵامەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 51 | 33.6 |
| نەخێر | 101 | 66.4 |
| سەرجەم | 152 | 100.0 |




شێوەی (١١)

هەبوونی ئومێدت بە پێشکەشکردنی نارەزایەتی لە بڕی باجی سەر ملک

## خشتەی ژمارە (١٢)

## پ ١٠ : ئەگەر وەڵامی پرسیاری ٩ نەرێنییوو، بە ڕای تۆ کام لەم هۆکارانە زیاتر کاریگەرتر بوون؟

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | وەڵامەکان |
|---|---|---|
| 3.9 | 6 | قەرەباڵغی لە مانگی ١ هەموو ٥ ساڵ جارێک دروست دەبێت پاش ڕووپێوی گشتی باجی خانوبەرە |
| 47.4 | 72 | پێشکەشکردنی ناڕازیبوون هیچ سوودی نیە |
| 8.6 | 13 | قەرەباڵغی زۆر هاوکار نیە لەگەڵ فەرمانبەرەکان تێگەیشتن بکرێت |
| 6.6 | 10 | ناڕازیبونەکەت ناڕوێندرێت ئەگەرلە ٥٠% کۆی باجی ئەو ساڵە نەدەیت |
| 66.4 | 101 | سەرجەم |
| 33.6 | 51 | سیستەمی ونبوو |
| 100.0 | 152 | سەرجەم |




شێوەی (١٢)

هۆکارەکانی کاریگەری لەسەر پێشکەشکردنی ناڕەزایەتی لە بڕی باجی سەر ملک

خشتەی ژمارە (١٣)

پ ١١ : ئایا تا چ ئاستێک لە مامەڵەکانتدا لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە ڕووبەڕووی ڕۆتین دەبیتەوە

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | وەڵامەکان |
|---|---|---|
| 22.4 | 34 | ئاسانە |
| 32.2 | 49 | مامناوەندە |
| 45.4 | 69 | قورسە |
| 100.0 | 152 | سەرجەم |




شێوەی (١٣)

ئاستی ڕووبەڕووی ڕۆتینی مامەڵەکان لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە

## خشتەی ژمارە (١٤)

## پەیوەستکردنی هۆشمەندی باج و ئاستی خوێندەواری باجدەری خانوبەرە

| وەڵامەکان | قۆناغەکانی خوێندن | | |
|---|---|---|---|
| | دواناوەندی و بەرەوخوار | دبلۆم | بەکالۆریۆس وبەرەوژوور |
| کەم | 57 | 16 | 14 |
| | 72.2% | 64.0% | 29.2% |
| مامناوەند | 16 | 5 | 18 |
| | 20.3% | 20.0% | 37.5% |
| زۆر | 6 | 4 | 16 |
| | 7.6% | 16.0% | 33.3% |
| سەرجەم | 79 | 25 | 48 |
| | 100.0% | 100.0% | 100.0% |

## خشتەی ژمارە (١٥)

## پەیوەستکردنی ئاستی خوێندەواری باجدەری خانوبەرە بە خشتەی نادادپەروەری بڕی باجی خانوبەرە

| وەڵامەکان | قۆناغەکانی خوێندن | | |
|---|---|---|---|
| | دواناوەندی و بەرەوخوار | دبلۆم | بەکالۆریۆس وبەرەوژوور |
| هیچ شتێک دەربارەی باجەکەم نازانم | 9 | 0 | 7 |
| | 15.0% | 0.0% | 20.0% |
| باجی بە هەڕەمەکی دادەندرێت | 33 | 12 | 20 |
| | 55.0% | 57.1% | 57.1% |
| فەرمانبەری نەشارەزا لە مەزەندەکردندا دایدەنێت | 7 | 3 | 5 |
| | 11.7% | 14.3% | 14.3% |
| پەلەکردن بە بەرژەوەندی لیژنەکان | 11 | 6 | 3 |
| | 18.3% | 28.6% | 8.6% |
| سەرجەم | 60 | 21 | 35 |
| | 100.0% | 100.0% | 100.0% |

خشتەی ژمارە (١٦)

پەیوەستکردنی خشتەی ناڕازیبونی باجدەری خانوبەرە لە باج بە ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە

| وەڵامەکان | | پارێزگا | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | |
| هیچ هیوایەکت هەیە بە ناڕازیبوون لە باجی خانوبەرە بۆ کەمکردنەوەی بڕی باجەکەت | بەڵێ | 6 | 19 | 26 | 51 |
| | | 12.0% | 37.3% | 51.0% | 33.6% |
| | نەخێر | 44 | 32 | 25 | 101 |
| | | 88.0% | 62.7% | 49.0% | 66.4% |
| سەرجەم | | 50 | 51 | 51 | 152 |
| | | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% |

خشتەی ژمارە (١٧)

ڕۆتین لە فەرمانگەکانی باجی خانوبەرە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لە ڕوانگەی باجدەری خانوبەرەوە

| وەڵامەکان | | پارێزگا | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | |
| ئاستەکانی ڕۆتین | ئاسانە | 5 | 14 | 15 | 34 |
| | | 10.0% | 27.5% | 29.4% | 22.4% |
| | مامناوەندە | 8 | 25 | 16 | 49 |
| | | 16.0% | 49.0% | 31.4% | 32.2% |
| | قورسە | 37 | 12 | 20 | 69 |
| | | 74.0% | 23.5% | 39.2% | 45.4% |
| سەرجەم | | 50 | 51 | 51 | 152 |
| | | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% |

خشتەی ژمارە (١٨)

دابەشبوونی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە ڕووی ڕەگەزەوە

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 63 | 49.2 |
| مێ | 65 | 50.8 |
| سەرجەم | 128 | 100.0 |




شێوەی (١٤)

دابەشبوونی فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە لە ڕووی ڕەگەزەوە

خشتەی ژمارە (١٩)

سالآنی ڕاژەی فەرمانبەران

